# کلتووری کوردو ڕێککەوتنامەی سایکس-بیکۆ

پ.ی.د. عزت فتاح حمه صالح
بەشی کۆمەڵناسی- کولێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

ئەمساڵ لە مانگی پێنجی ٢٠١٦ ز یادی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنامەی بەناوبانگی (سایکس -بیکۆ ) تێدەپەڕێت . ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ناوەڕاستی جەنگی جیهانی یەکەمدا ، بە نهێنی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا گەڵاڵە کراو دواتر ڕووسیاش واژۆی لەسەر کرد ، ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکە بریتی بوو لە دابەشکردنی ، ئەو وولات و سەر زەمینانەی کە لە ژێر دەسەلاتی ئیمبراتۆریەتی عوسمانیدا بوون ،چونکە بەرایی ئەوە دەرکەوتبوو کە لە دەست عوسمانیەکان دەربهێنرێن ، بۆیە ئەو سێ دەوڵەتە لە نێوان خۆیاندا بە نهێنی ڕێککەوتبوون لە کۆتایی جەنگدا دابەشیان بکەن ، بە پێ ی بەرژەوەندییەکانیان ، ئەو سێ دەوڵەتە لەبەرەی هاوپەیمانەکاندا بوون لە جەنگی جیهانی یەکەمدا و دژی ئیمبراتوریەتی عوسمانی بوون کە لە بەرەی ناوەند ( محوەر ) دا بوو . هەریەك لەو دوو بەرەیە کۆمەڵێك بەرژەوەندییان هەبوو لە ڕۆژهەلاتی نزیك و ناوەنددا کە لە ئێران و کەنداوی عەرەب و هیندستان و پاکستان و وولاتی شام و عیراقدا هەبوون ، بۆیە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە پێشبڕکێ دا بون کە کامیان زۆرتر و زیاتر سنوری ژێر دەسەلاتی فراوانتر بکات . بە تایبەتی کە پێشبینی دەکرا لەو ناوچەیەدا سەرچاوەیەکی زۆری ووزە (نەوت ) هەبێت ، وە هەردوو بەرەی جەنگ زۆر پێویستییان بەو ووزەیە هەبوو بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکانی جەنگ و بۆ پیشەسازی و ئاڵوگۆڕو بازرگانی لە ناووخۆ و لەگەڵ دەوڵەتانی ژێر دەسەلاتییان و جیهاندا ، ئەوەش بوە هاندەرێك بۆ دابەشبونی جیهان بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەکداو هەر بەرەی لەگەڵ چەند وولاتێکی تردا چەند پەیمانێکی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی و زیاتر لە نێوانیاندا مۆر دەکران ، لە ناو پەیمانەکاندا بە پێ ی بەرژەوەندییەکانیان داواکارییەکانیان دیاری دەکراو ئەو مەرج و بنەمایانەی کە پێویست بوون ڕێك دەخران و ، ئەنجامی ئەو پەیمان بەستنانەش سەرەتایەك بوو بۆ بەرپابونی جەنگ لە جیهاندا ، ئەویش ئەوە بوو لە ساڵی ١٩١٤ -١٩١٨ جەنگی جیهانی یەکەم ڕویدا ، لەنێوان هاوپەیمانەکان و ناوەند (محوەر ) دا . ئەنجامی ئەو جەنگە لەناوبردنی نزیکەی حەفتاو پێنج ملیۆن مرۆڤ بوو ئەوەندە و زیاتریش برینداروپەککەوتە و خەڵکی تر بونە قوربانی ، جگە لە

ماڵوێرانی و دەربەدەری و کاولکردن و لەناوبردنی هەموو جۆرە کلتوور و شارستانیەتی مرۆڤایەتی . ئەو جەنگە بۆ هەندێ دەوڵەت خێرو بێری بەدەمەوە بوو چەندین دەوڵەت سەرچاوەی ووزە و کانزای بەنرخ و کەرەستەی خاوی پیشەسازییان دەست کەوت و کەوتنە ژێر دەسەڵاتیانەوە . بەڵام بۆ هەندێکی تریان کارەسات و ماڵوێرانی و ژێر دەستەیی لێ کەوتەوە هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکیان لە دەست چوو خاك و گەلەکەشیان داگیرکران ، کوردستان و گەلی کورد لەم بەشەی دەوڵەتاندا بوون ، کە خاکەکەی زەوت کراو دابەشکرا و چەند دەوڵەتێکی تریان پێ دروست کرد ،و بەشێکی خرایە سەر تورکیا ، و بەشێکی سەر ئێران و بەشێکی عیراقی پێ دروستکرا و بەشەکەی تریشی سوریای لێ پێکهێنرا ، هەروەها گەلەکەی و کلتوورەکەشی بە هەمان شێوە دابەشکرا .

ئەم توێژینەوەیە باس لە کلتووری کورد و شوێن دەستی پەیمانی سایکس- بیکۆ دەکات . کە چ کارەساتێکی بەسەردا هێناوە و بە چ ئاراستەیەکیدا بردوە . ئەم مەبەستە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێ ی چواربەشەوە دەخرێتە ڕوو کە هەر بەشەیان لە دوو تەوەر پێك هاتوە وە هەر تەوەرێك چەند بابەتێك لە خۆ دەگرێت ، بەشی چوارەم دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەو سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکەیە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

**بەشی یەکەم:**

**چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە**

چوارچێوەی گشتی ئەم توێژینەوەیە ، بە بەشی یەکەم دەست پێ دەکات و ئەم بەشە دوو تەوەری سەرەکی لە خۆ دەگرێت کە ئەمانەن:-

**تەوەری یەکەم / ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە :

**١- کێشەی توێژینەوە:**

لای ئەوانەی کە سەرقاڵن بە نوسینی توێژینەوەی زانستی ، دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە گرانترە، لە چارەسەری کێشەکە ، چونکە پەیوەستە بە چەند بابەتێکی ترەوە ، وەك میتۆدی توێژینەوە، و دەستنیشان کردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هۆکارەکانی نوسینی توێژینەوەکە.(١) دیاریکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە خوێندنەوەی کۆمەڵێك سەرچاوەی مێژویی و پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامەی نێو دەوڵەتی پەیدابووە لە لایەك ، و ئاوارە بونی کۆمەڵێك لە خەڵکی کوردستانی سوریا و کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیاوە ، و جێگیربونیان لە دەوروبەری شاری سلێمانیدا سەرچاوەی گرتوە لەلایەکی ترەوە ، کاتێك توێژەر لەگەڵ ئەو کوردانەی کە کۆچیان پێ کراوە و لە دەوروبەری سلێمانیدا یان لە گەڕەکەکانی ناوشاری سلێمانیدا نیشتەجێ کراون. بە سەرنج دان و بینین بۆی دەرکەوتووە هەندێك جیاوازی کلتووری هەیە لە نێوان ئەو کوردانەدا لە لایەك ، و لەگەڵ کوردانی خەڵکی سلێمانیدا لە لایەکی ترەوە ، وەلای توێژەر ئەو بیرۆکەیە گەڵاڵە

بووه ئەو جیاوازیەی کلتوور لە نێوانیادا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ لەسەریان . کە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ دابەشبونی خاکی کوردستاندا گەلی کوردیش دابەش کراوە بەسەر نەتەوەکانی کوردو عەرەب و فارسدا . لەیەکتری دابڕاون و جیاکراونەتەوە و لکێنراون بەو نەتەوانەی ترەوە ، ئەوەش دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی کلتووری ئەو نەتەوانە بە کلتووری گەلی کورد و ئەو جیاوازییانە پەیدا بوون کە ئێستا بە ئاشکرا بەو خەڵکە کۆچکردووەوە دیارن و پەیوەندی کلتووری کوردەکانی ڕۆژهەلآت لەگەڵ فارسەکاندا و کوردەکانی باکوور لەگەڵ تورکەکانداو کوردەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ عەرەبەکاندا بەهێزترە و بە ئاشکرا کاریگەری هەریەك لەو کلتوورانە دیارە بەبەراوورد لە پەیوەندییەکانی کلتووری ئەو بەشانەی گەلی کورد بە یەکترەوە ، ئەو جیاوازییە کلتووریە بوو کە بوە پاڵنەرێك توێژەر توێژینەوەکەی بەناونیشانی (کلتووری کوردو ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ ) دیاری بکات . ئەو ناونیشانە میتۆدی توێژینەوەکە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دیاری دەکات . کە ئەوانیش بریتین لە میتۆدی مێژوویی و بە ئامرازەکانی پەرتوك و ڕێککەوتننامەکان و پرۆتۆکۆڵە نێو دەوڵتییەکان زانیارییەکان کۆکراونەتەوە ، هەروەها سودیش وەرگیراوە لە ئامرازی بینین و میتۆدی بەراودکاری و هۆکانی ڕاگەیاندن .

**٢- گرنگی توێژینەوە :**

توێژەر زۆر بە ووردی و بە ڕونی ئەو کەڵك و سودانە باس دەکات کە دەشێت لە توێژینەوەکەیەوە پەیدا بن و هاوکات ئاماژە بەو لایەن و گروپ و کەسانە بدات ، کە پێویست دەکات لە گرنگی پێدانیان ئاماژەیان پێ بکرێت.[٢] گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە باسی کلتووری گەلی کورد دەکات .پێش جەنگی جیهانی یەکەم ، وچۆن بووە و بە پێ ی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ و هۆکارەکانی بەش بەشکردنی ئەو کلتوورەو تێکەڵ کردن و بەستنەوەی بە کلتووری گەلانی سەردەستە و بالاّ دەست و زاڵە وە ، لە کۆتایشدا هۆکارەکانی هەنگاونان بەرەو شێواندن و لەناوبردنی یەکجارەکی دیاریدەکات . هەروەها باس لەوە دەکات کە ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ چۆن بووە بە خێرو خۆشی و دەوڵەمەندکردنی کلتووری دراوسێکانی کورد ، هەروەها بە پێچەوانەوە کە چۆن بوەتە نەگبەتی و کارەسات و لاوازکردنی کلتووری کورد . جگە لەوە باس لە هەندێك ڕوی شاراوەی ، سەرنەکەوتنی ئەو هەموو ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و کەوتنی بزوتنەوە و جولاّنەوە چەکدارییەکانی گەلی کورد دەکات ، کە بۆ ماوەی سەد ساڵ ڕوبارێك خوێن بەخشراوە ، کەچی هێشتا وەك ئەوە وایە کە هیچ نەکرابێت و هیچ ڕوی نەدابێت ، واتا تازە بە تازە داگیرکەران کورد دەگەڕێننەوە خاڵی سەرەتا !!ِکورد بە تیرۆرست ناودەبەن لە کوردستانی باکوورو ڕۆژئاوا ، بەلاّم لەبەر بەرژەوەندی خۆیان کوردی باشوور بە هاوپەیمانی خۆیان ناودەبەن ، وە بەشێوەیەك باسیان دەکەن کە لە بری ئەوان جەنگ دەکەن لەگەڵ تیرۆرستاندا ، واتای دەستەواژەکەیان (بە کریّ گیراو ) دەگرێتەوە ، لە مافە ڕەوا و ڕاستەکەی خۆیان کە پارێزگاری کردنە لە کوردو کوردستان ڕایان ماڵیون ، دەسەلاّتدارانی کوردی باشووریش بە شانازییەوە ، بۆچونەکانی ئەوان دەڵێنەوە و دەڵێن ( کورد لە جیاتی جیهان شەڕی تیرۆرست دەکات ) بە ووتەی ئەمانە بێت ،

ئەو بەرگری و قارەمانیەتەی هێزی پێشمەرگە خراوەتە خانەی بە کرێ گیراوییەوە ، چونکە ئەوە شایەتییەکە سیاسییەکانی باشوور ئەیدەن ، بە بێ ئەوەی بزانن هەڵەیان کردووە ، ئەو خوێنەی کە دەڕژێت بۆ کوردو کوردستان نیە . وە بۆ پاراستنی ئازادی و سەربەخۆیی نیە ، بەڵکو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران و داڕێژەرانی سیاسەتی دەوڵەتە زل هێزەکانە . کە لە ڕێگەی پەیماننامەی سایکس –بیکۆ وە ، گەلی کورد و خاکی کوردستانیان دابەسشکرد .

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجێك یان چەند ئامانجێکی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت ، وە هەندێ هۆکارو مەبەست ئەو ئامانجانە بە دەست دەهێنن ، جا هۆکارەکان پاڵنەری زانستی بن یان پراکتیکی. [٣]

ئامانجی توێژەر لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە چەند مەبەست و هۆکارێکی زانستی بون بە پاڵنەر بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە کە بەم پرسیارانە ئامانجەکان دیاری دەکات .

أ – بۆچی خاکی کوردستان وگەلی کورد پارچە پارچە کراوە و یەك ناگرێتەوە ؟

ب – بۆچی خەبات و تێکۆشان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سەرکەوتوو نەبووە ؟

ج – بۆچی بە درێژایی سەد ساڵ شۆرش و خەبات لە کوردستان سەرکەوتوو نابێت ، بەڵام لە ئەمریکای لاتینی و ئەفەریقا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ووڵاتە عەرەبیەکان لە ماوەی ئەو سەدساڵەدا هەموویان ڕزگاربون و بوون بە خاوەن دەوڵەت ؟

د – هۆکاری پەرتبوونی کلتووری کورد چی یە و بۆچی بوە بە کلتووری ژێردەستە ؟

هـ –کێ بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو هەموو خوێن ڕژاندنە بە درێژایی سەد ساڵ لە نێوان گەلی کورد و گەلانی (عەرەب و فارس و تورك ) ؟

و – هۆکاری دواکەوتن و بەجێمانی ئەو گەلانە چیە لە ڕوی زانست و تەکنەلۆجیا و بوارەکانی تری ژیان بە گەلی کوردیشەوە .

ز – بۆچی کەسایەتی کورد لەرزۆك و لاوازە ، و پشت بە خۆی نابەستێت و هەمیشە چاوی لە داگیرکەرانە کە دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ درێژ بکەن ؟

ئەو پرسیارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا کۆمەڵێك ئامانجن کە ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی زانستییەوە ئاماژەیان پێ ئەدات و هەوڵ دەدات لە دەرئەنجامەکاندا پێیان بگات .

**٤ – هۆکارەکانی توێژینەوە:**

کۆمەڵێك هۆکار لە پشت نوسینی ئەم توێژینەوەیەن، کەوا پێویست دەکات ئاماژەیان پێ بدرێت و بخرێنە ڕوو ئەوانەش بریتین :

أ – ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان توخمە کلتوورییە کانی کۆمەڵگاکانی کورد ،لەبەشەکانی دەوڵەتەکانی تورکیاو سوریاو ئێران و عیراق ، لە کاتێکدا پێش ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەو جیاوازییە کلتوورییە زۆر نەبووە.

ب – کورد وەك کۆنترین نەتەوەکانی چیاکانی زاگرۆس لە مێژوودا باس کراوە ، کە مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەزارەی سێ یەم و دووەمی پێش زایین بە ناوی ( گۆتیەکان و لۆلۆکان ) ناوبراون .[٤] خاکەکەی ٤٠٨ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە و ١٨ ملیون ژمارەی دانیشتوانی بووە .[٥] پێش جەنگی جیهانی یەکەم ، و لە دوای جەنگەوە لە هەر چوار بەشەکەی کوردستاندا نزیکەی پازدە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی و چەکداری و ڕاپەڕین بەرپابوون .[٦] کەچی هەموویان شکستیان خواردووە و سەرکەوتوو نەبوون وکورد دەوڵەتی نیە.*

ج – دوای تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ دا ، ئێستا ئەمریکا و ئەوروپا بە جوڵانەوەی کوردی باکوور PKK و پەیەدە ی ڕۆژئاوا و جوڵانەوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تیرۆریست ناوزەند دەکرێن ، و هەروەها هێزە چەکدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق بە ( لە جیاتی هاوپەیمانان ) شەڕ دەکەن لە گەڵ تیرۆریستاندا لە قەڵەم دەدرێن !!

د – سەیرە کەناڵە ئاسمانیەکانی هەرێمی کوردستان لە زاری بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمەوە ، و بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی هەرێم خۆشیان پەیتا پەیتا بلاّوی دەکەنەوە کە ئەوان لە جیاتی جیهان شەڕی ( داعش ) دەکەن !! بە بێ ئەوەی بیریان لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە کردبێتەوە ، و لە مەترسی واتای ئەو ڕستە یە ورد ببنەوە کە چەند مەتاتیە (لاستیکییە ) کە هاوپەیمانان لە دوای جەنگ دەتوانن هەڵی گێڕنەوە و لە بەرژەوەندی وولاّتانی شەڕکەردا بیگونجێنن ، وە قسەکانی بەرپرسەکانی حکومەتی کوردستان بخەنەوە ڕوو پێیان بڵێن ئەوە نیە خۆتان دەڵێن (( کورد بەرگری لە خۆی نەکردووە و بۆ ئێمە شەڕیان کردووە لە جیاتی خۆمان )) بە واتا پێیان دەوترێت کورد خەباتی بۆ پاراستن و ئازادی و ڕزگاری خۆی نەکردوە . بەڵکو بەرژەوەندی ئێمەی پاراستوە و ( بە کرێ گیراو) ی ئێمەیە و لە بری ئێمە شەڕی کردووە بەرامبەر بە (پارە ، چەك و تەقەمەنی ، جلوبەرگی سەربازی ، سەفەرو گەڕانی بەرپرسان لە وولاّتانی ئەوروپادا ، ...هتد ) .

هـ – هۆیەکی تری نوسینی ئەم توێژینەوەیە ، ئەوەیە کلتووری سیاسی کورد لە دوای ئیمپراتوریەتی مادەوە، هەوڵی ڕێکخستنەوە و یەکگرتنەوەی خاکی کوردو گەلی کورد نادات بە کردار ، لە گۆڕەپانەکەدا ، هەر بەشەی بە تەنها بۆ خۆی لە ڕێ ی بنەماڵە فەرمانڕەواییی یەکان و بنەماڵە خۆسەپێنە کانەوە ، و بە شێوەی تاك ڕەوی و ناوچەگەری ڕاپەڕیيون و خەباتیان کردووە ، لە ئەنجامیش لە بەرژەوەندی داگیرکەران جوڵانەوەکەیان پەك خستوە ، و خوێنی ئەو هەموو خەڵکەی کە بەخت کراوە بە هەدەر چووە. هەندێ جار فەرمانڕەوایان یان دەسەڵاتدارانی ئەو بنەماڵانە ، بە نهێنی بونەتە داردەستی داگیرکەران و دژی گەلەکەی خۆیان ناپاکی و خیانەتی گەورەیان ئەنجامداوە ، وە هەندێ جاریش لە شکری بێگانەیان پەلکێشی کوردستان کردووە و گیانی بەرگری و

* لە سەرچاوەی تردا ڕووبەری خاکی کوردستان بە ( ٥٤٣٢٢٨ ) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە نوسراوە ، وەك عەبوللا غەفور ، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان ، ستۆکهۆڵم ، ١٩٩٤ ، ل ١٤ . هەروەها ڕووبەری خاکی کوردستان بە (٥٠٠٠٠٠ ) کم نوسراوە /لە لایەن کەریم زەند ، میللەتی کورد ، سلێمانی ، چاپخانەی کامەران ، ١٩٧٠ ، ل ٣٠ .

خۆڕاگری شۆڕشگێڕانەی خەڵکیان لاواز کردووە . هەندێ جاریش ئەو سەرەك بنەماڵانە خۆیان بێ وورە و بێ متمانە بە خۆ بوون و پشتیان بە هێزی دەرەکی بەستووە بۆ چەند مەبەستێك شەڕیان کردووە ، کاتێك ئەو مەبەستانە دەستەبەر نەکراون خۆیان نەیانتوانیوە درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن و هەرەسیان هێناوە و گەل و خاك و خەباتیان جێ هێشتوە و چون بەرەو هەندەران .

**تەوەری دووەم / چەمك و زاراوەکان**

گرنگترین ئەو چەك و زاراوانەی کە سەرەکین و لەم توێژینەیەدا پێویستە ئاماژەیان پێ بدرێت ئەمانەن ( کلتوور ، سایکس – بیکۆ ، کورد ) .

١- کلتوور : کلتوور پێناسەی زۆری هەیە ، ڕای زاناکان لەسەر ژمارەی پێناسەکانی کلتوور جیاوازە ، هەریەك لە (الفریدکروبر) و( کلاید کلوکهون) کۆکن لەسەر ئەوەی کە کلتوور ١٦٤ جۆر پێناسە کراوە ، یا پێناسە و واتای جیاوازی هەیە .[٧] کۆنترین پێناسەی زانستی کلتوور ئەوەیە لە ساڵی ١٨٧١ ز لە لایەن (تایلور) ەوە کراوە کە دەڵێت (( کلتوور هەموو ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە لە زانست و بیروباوەڕ و هونەر و ئیخلاق و یاسا و داب و نەریت وتواناکانی تر کە مرۆڤ وەریان دەگرێت لە کۆمەڵگاکەی ، بەو پێ یەی کە ئەندامیەتی )) .[٨] لە لایەکی ترەوە هەندێکی تر کلتووریان پێناسە کردووە بەوەی (( کلتوور ئەو بەشەی ژینگەیە کە دەستکردی مرۆڤە )) .[٩] هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢ لە ڕاگەیاندنی مەکسیکودا کلتوور بەم شێوەیە پێناسە کراوە ، لە لایەن کۆنگرەی گشتی حکومەتەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە ، کە دەڵێت (( کلتوور سەرجەم ئەو خەسڵەتە ڕوحی و ماتریاڵی سۆزداریانەیە ، کە تایبەتن بە خودی کۆمەڵگایەك ، یان گروپێکی کۆمەڵایەتی و لە کۆمەڵگە و گروپەکانی تری جیا دەکاتەوە )) .[١٠] لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەدا دەتوانرێت بەم جۆرە پێناسەی کلتوور بکرێت – کلتوور هەموو دەساوردە مادی و مەعنەویەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە ، کە کۆمەڵگایەك لەوی تر جیادەکاتەوە و لەبەر پێویستی پەیدابوە و هەمیشە لە زۆربوون وکەڵەکە بوندایە و جێگیر نابێت.

٢- کورد : ئەم چەمکە ڕای زۆرو زەوەند و جۆراوجۆری لەسەرە ، هەر لە سەرەتای پەیدابونی مرۆڤ لە چیاکانی زاگرۆس و میزۆپۆتامیا . لەلایەن زانایانی ڕۆژهەڵات ناس و مێژوونوس و میسۆنێرەکانەوە تا جێگیر بونی چەمکەکە بە چەند گۆڕانکارییەك و گەشەکردنێك ناوبراوە وە چەندین ڕای جیاوازی لەسەرە ، چەند ڕایەکیان لەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیە دەخرێنە ڕوو . (( کورد گەلێکی قەدیمیە لە ئاسیادا دەژی )) .[١١] هەروەها " ئەصل و فەصلی کورد وەکو بەعزێ عولەمای ئاسار گوتوویانە لەگەڵ تەبەقەی ئەوەڵیشدا یەعنی (مەنزوومەی زاغرۆسی قەدیم ) زۆر عەلاقە دارن ، وولاتی کوردستان ، ئەبێ جێگەی پەیابوون و بلاوبوونەوەی ئەسڵی دوەمی ئینسان بێ ، لە مابدەئی تاریخ دا ، ئەقوامی زاغروس ی تیا بینراوە و ئەم ئەقوامە : لۆلۆ ، گۆتی ، کاسای ، سوبار و (هوری ) بوە ".[١٢] ناوی کوردستان ، ناوی وولاتێکی سەربەخۆ و خاوەنی سنورێکی دیاریکراو و سیاسی نیە ، نیشتمانی خەڵکێکە زۆربەیان خوێن و ڕەگەز و بنەچەکە و ڕەنگیان هەر یەکە .[١٣]

کوردستان شوێنی لانکە و بێشکەی پێگەیاندنی سەلالەی بەشەری دوهەمی بووە و لە کوردستانەوە پرش و بڵاوبوونەتەوە بۆ شوێنەکانی تر..... هتد ، هەروەها "پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڕەگەزی کورد و سەرەتای شوێنی دەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە شەعبانەی کۆنی زاگروس چینی یەکەم لۆلۆ و گۆتی و کاسای ...چینی دووەم کە ئەوانیش (مید ) لکەکانی نایری (نەری ) ، کاردۆخی ...هتد ".[١٤] کورد یەکێکە لە نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دانیشتوانی بنچینەی ناوچە شاخاویەکانی باشووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیان . لە هەزاران ساڵ لەموبەرەوە ، لە نێوان زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئارارات و دەوروبەریدا ... لەو ناوچەیەی کە پێ ی دەوترێت کوردستان نیشتەجێ بوون .ژمارەیان لە نێوان ٣٠-٣٥ ملیون کەسدایە، کە دابەشبوون بە چوار بەشی سەرەکیەوە هەر بەشەشی خراوەتە سەر دەوڵەتێك ، لە دەوڵەتەکانی دراوسێ ی کوردستان ، کە تورکیا و عیراق و ئێران و سوریایە ، وە هەر یەکەیان بەشێکی لە کوردستانی گەورەی داگیرکردووە.[١٥]

کورد وەك پێناس ئەو ژمارە مرۆڤەیە لە جیهاندا بڵاوبونەتەوە ، بە کۆمەڵێك خەسڵەت دەناسرێن و ژمارەیان لە سەروی شەست ملیون کەس دەبێت و بێ دەوڵەتن . بەڵام وەك دانیشتوانی کوردستان ، ژمارەیان نزیکەی ٤٥-٥٠ ملیون مرۆڤ دەبن ، لەسەر خاکێك ژیاون و دەژین کە پێ ی دەوترێت کوردستان ، ئەو خاکە دابەشکراوە بەسەر ئێران و عیراق و تورکیا و سوریادا ، بە پێ ی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ کە لە ساڵی ١٩١٦ ز لە جەنگی جیهانی یەکەمدا مۆرکرا .بە زمانێك قسە دەکەن کە پێ ی دەوترێت زمانی کوردی و ، ئەو زمانە پێکهاتووە لە چەند شێوەزارێك کە کرمانجی باکوورو ناوەڕاست و باشوورو گۆرانە ، کە توخمێکی سەرەکی پێکهاتەی کلتووری کوردیە .

٣- سایکس – بیکۆ : ئەو ڕێککەوتننامە نهێنی یە بوو ، کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیادا ، لە ساڵی ١٩١٦ بە نهێنی مۆر کرا ، بەمەبەستی دابەشکردنی وڵاتی شام و دۆڵی ڕافدەین و خاکی کوردستان و ئەرمینیا و بەشێکی تری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، کە پێش جەنگ لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی عوسمانیدا بوون ، لە دوای جەنگ لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن ، چونکە بەرایی تێکشکاندنی بەرەی ناوەند (میحوەر ) هەستی پێ کرابوو ، وە دەوڵەتی عوسمانی ئەندامێکی شەڕکەری ئەو بەرەیە بوو . بەڵام لە ساڵی ١٩١٧ ز بە هۆی بەرپابونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا وە ، ڕوسیا لە جێ بە جێ کردنی ئەو پەیمانە پاشگەز بویەوە ، و ناوەرۆکی پەیمانەکەی ئاشکرا کرد . *

* بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەو ڕێکەوتننامەیە سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێت: (- فاضل رسول ، کردستان والسیاسة السوفیتیة في الشرق الأوسط ، ترجمة : غسان نعسان ، السلیمانیة – مطبعة الفکر والوعي ، ٢٠٠٨ ، ص ١٢٧-١٤٢، – کەمال مەزهەر ئەحمەد ، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ، بەغداد ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٥،- ولید حمدي ، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا ، و : موحەممەد نوری توفیق ، سلێمانی ، ١٩٩٩)

## بەشی دووەم

## جەنگی جیهانی یەکەم و ڕێککەوتنامەی سایکس – بیکۆ

ئەو ناونیشانەی سەرەوە باس لە دوو بابەت ئەکات کە بەیەکەوە بەستراون ، لەبەر ئەوە پێویستە بە کورتی لە دوو تەوەری جیاوازدا باس بکرێن بەم جۆرە :

### تەوەری یەکەم / جەنگی جیهانی یەکەم

جەنگی جیهانی یەکەم دەیان کتێب و مجلد و سەدان ووتاری لەسەر نوسراوە ، بۆیە بەم توێژینەوەیە ، کە سنوردارو بەرتەسکە ناتوانرێت ، بە هەمەلایەنی و گشتگیری و تێرو تەسەلی باسی ئەو جەنگە و بەسەرهاتەکانی و کارەساتەکانی بە ووردی بکرێت ، بەڵکو تەنها ئەوەندەی پەیوەندی بە م توێژینەوەیەوە هەبێت بە کورتی ڕوون دەکرێتەوە و دەخرێتە ڕوو ، ئەوەندەی کە پەیوەندی هەبێت بە کلتووری کوردەوە و بە گەلی کوردو خاکی کوردستانەوە .

جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان دوو بەرەدا بەرپا بووە لە ساڵی ١٩١٤– ١٩١٨ ، بەرەیەکی پیێ ی وتراوە (بەرەی ناوەند – محوەر ) کە چەند وولاتێك لە خۆ دەگرێت و بریتین لە ئەڵمانیا ، نەمسا و مەجەر، ئەمپراتوریەتی عوسمانی . بەرەکەی تر پیێ ی ووتراوە ( بەرەی هاوپەیمانەکان – تحالف ) کە ئەم بەرەیەش چەند وولاتێکی لە خۆ گرتووە ئەوانیش بریتین لە بەریتانیا ، فەرەنسا ، ڕوسیا ، بەلجیکا ، صربیا ، چیای ڕەش ( مونتکرو ) . [١٦] هەندێك سەرچاوەی تر دەڵێن ژمارەی دەوڵەتانی بەشداربووی شەڕ لە بەرەی هاوپەیمانەکان نزیکەی ٢٣ دەوڵەت بوون ، بەڵام لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکاندا ئەو ژمارەیە کەم و زیادی کردووە، وەك دەرچونی ڕوسیا لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ، وە هەروەها بەشداربوون و کشانەوەی ئیتالیا و ڕاگەیاندنی بێ لایەنی خۆی لەو شەڕەدا . [١٧] شەڕی یەکەمی جیهانی یەکێکە لە ڕوداوە هەرە گەورە پڕکارەساتەکانی مێژووی ئادەمیزاد ، کڵپەی ئاگرو ئەنجامەکانی ئەم شەڕە زۆر لای جیهانی گرتەوە . لە شەڕی یەکەمدا حەفتاوپێنج ملیون سەرباز و ئەفسەر بەشداربوون و لەمانە ١٠ ملیونیان لێ کوژراو پتر لە ٢٠ ملێونیشیان لێ بریندار و سەقەت و کەفتەکار بوون . جگە لەوەش دەوروبەری ١٠ ملیون کەس لە ساڵەکانی شەڕدا بە نەخۆشی و لە برسا مردن و نزیکەی شەش هەزار کەشتی بازرگانیش بە کەلوپەلەوە لە دەریاکاندا نقوم کران . [١٨] جگە لەوانە ١٠ ملیون کەسی بێ چەکیش لە دانیشتوانی ئەو وولاتانە کوژرا ، کۆتایی جەنگەکە بە تێکشکاندنی بەرەی ناوەند ( محوەر ) کۆتایی هات ، ئەڵمانیا وولاتە داگیرکراوەکانی ئەفریقای لە دەست چوو ، پاش ئەوە ڕۆژی ١٩١٨/١١/١١ جەنگ کۆتایی هات ، گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و نەخشەی جوگرافی وولاتاندا هات . کوردستانیش لە دوو بەشەوە بوو بە چوار پارچە . [١٩] ئەم جەنگە گەورەیە کە بەرپا بووە لە نێوان دەوڵەتاندا ناونراوە جەنگی جیهانی ، بە واتا هەموو جیهانی گرتۆتەوە ، دەبێت کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکاری بەرپابوونی هەبوبن، جا ئەو هۆکارانە ڕامیاری یان سەربازی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان

کلتووری بوون . مێژوونوسان ئەو هۆکارانەیان پۆلێن کردوون بۆ دوو جۆر ، ئەوانیش هۆکارە ڕاستەوخۆ کان و ناڕاستەوخۆکانن کە هەریەکەیان بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو :

١- هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم بریتین لە :

أ – نابەرانبەری : بیرو باوەڕ و پرەنسیپێك هەبوو بۆ پاراستنی دەوڵەتە بچوکەکان ، لە پەلاماردان و داگیرکردنیان لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە ، بەڵام لە ئەنجامی دروستبوونی دوو بەرەی دژ بەیەك لە ئەوروپادا و بەستنی چەندین پەیمانی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی لە نێوان دەوڵەتاندا ، و هاوکاری کردنی یەکتری لە کاتی هەر مەترسی و ڕودانی جەنگێکدا ، ئەوانە هەموو پرەنسیپ و بیرو باوەڕی هاوسەنگ بوونی هێزی دەوڵەتانی تێکدا، و دەوڵەتان کەوتنە پێشێلکردنی ئەو پرنسیپانە ، و پێشبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی کامیان زۆرترین پەیمان ببەستێت و پێکەوە کۆبکرێنەوە و لە شێوەی بەرگرییەوە هەڵوێست بگۆڕن بۆ شێوەی هێرش بردن و یەکتر داگیرکردن .

ب – داگیرکردن و قۆرخکاری : دوای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا ، دەوڵەتە پیشەسازییەکان پێویستیان بە بازاڕ هەبوو بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانیان ، هەروەها پێویستیشیان بە کەرەستەی خاو و کرێکاری هەرزان هەبوو ، ئەوانەش هاندەربوون کە بازاڕی هەندێك دەوڵەت لەلایەن هەندێکی تریانەوە داگیربکرێت و قۆرخ و ڕێگیری هاوردە و ناردەی کەلوپەلەکان بە یەکسانی نەبێت ، و پەیڕەوی بنەمای چاکوخراپی کاڵا نەکرێت وە گیانی پێشبڕکێ فەرامۆش بکرێت ، هەروەها هەندێك لە دەوڵەتە پیشەسازییەکان چەند دەوڵەتێکی تریان کردە داگیرگەی خۆیان و بەو جۆرە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و داگیرکردن و پێشێلکردنی پرنسیپ و یاساکانی بازرگانی پێشێل کران، هەر لایەك و هەر دەوڵەتێك کۆمەڵێك داخوازییان هەبوو ، دەیانویست لەسەر حسابی بەرەکەی تر جێبە جێ و دەستەبەریان بکەن .

ج – پێشبڕکێ ی خۆ پڕ چەك کردن : ئەو هەوڵ وکۆششانەی کە لە کۆنگرەکانی سنوردارکردنی جۆری چەك و ژمارەی چەك و شەڕکەر و مەشق و سەربازگرتنی زۆرە ملێ ، هەموویان شکستیان هێنا و وولاٌتانی ئەوروپا و زلهێزەکان کەوتنە خۆ پڕ چەك کردن بە نوێترین و کوشندەترین جۆری چەك ، و یاسای گرتنی سەربازیی زۆرە ملێیان پەیڕە و کرد و ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵك چەکدار کران و ئامادەکرابون بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەك کە ڕوبدات و هەر جەنگێك ئەگەر بقەومێت .

د – ڕاگەیاندن : دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەو ئامێرە زەبەلاحەی ڕاگەیاندن و بە ( بینرا و بیستراو و خوێندراوە وە ) کەوتنبونە گەڕ و هێرشی هەمە جۆریان پەیڕە و ئەکرد کە دەوڵەتەکان بەیەکتریان ڕەوا دەبینی و ڕۆڵێکی یەکجار خراپیان دەگێڕا ، و هاندەری بەرپاکردنی جەنگ بوون .

هـ – بیرو باوەڕی نەتەوایەتی : پەرەسەندنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و سەر هەڵدانی گیانی بەرگری وپەیدابونی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ناو گەلانی داگیرکراو و ژێردەستەدا ، کە داوای ئازادی و سەربەخۆییان

دەکرد ، هەندێکیان پەیوەندییان بە دەوڵەتێکەوە دەکرد کە هاوکاریان بێت دژی دەوڵەتەکەی کە داگیری کردبون وبۆ ئەوەی یارمەتییان بدا . ئەوەش گیانی دوژمنایەتی لە نێوان دەوڵەتە داگیرکەران پەیدا کرد .

و – ووزە و نەوت : پەیدابونی کانزای نەوت وەك سەرچاوەیەکی بەهێزی ووزە کە هەموو وولاتە پیشەسازییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و جیهان پێویستییان پێ ی هەبوو ، ئەم سەرچاوەیەی ووزە لە کۆمەڵێك ڕوە وە لە خەڵوزی بەردین چاکتر بوو ، بۆیە هەموو وولاتە پیشەسازییەکان لە هەوڵداندا بون کە بە هەرشێوەیەك بوە دەست بگرن بەسەر ئەو وولاتانەدا کە پێشبینی دەکرێت سەرچاوەی ووزە و نەوتێکی زۆر بن ، ئەو وولاتانە هەستیان کرد بو کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای بچوك و کەنداوی عەرەب و نیمچە دورگەی عەرەب و ئێران و وولاتی شام و دۆڵی ڕافیدەین ، کانگەی ئەو ووزەیە بن ، و بەشێك لەوکانانە لە ژێر دەسەلاتی ئێراندایە کە لەوپەڕی لاوازییدایە و بە شێکیشی لە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتوریەتی عوسمانیدایە ( پیاوە نەخۆشەکە ) کە لە کۆتایی تەمەنیدایە و هەر ڕوداوێك ڕوبدات هەڵدەوەشێت . بۆیە وولاتە پیشەسازییەکان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ داگیرکردنیان ، هەروەها لە نێوان خۆیاندا چەند ڕێککەوتننامەیەکیان مۆر کردبو کە دوای جەنگ چۆن ئەو وولاتانە دابەش بکەن و دەست بگرن بەسەر کانەکانی نەوت و ووزەدا .

٢– هۆکاری ڕاستەوخۆی بەرپابونی جەنگی جیهانی یەکەم

هۆی ڕاستەوخۆی بەرپابونی جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکی و دوژمنایەتیەی نێوان (نەمسا و مەجەر و صربیا ) ، ئیمپراتوریەتی نەمسا و مەجەر کۆمەڵە خەڵکێکی بە ڕەگەز سلاڤی تیابوو، کە هاوسۆز بون بۆ صربیا ، دەوڵەتی صربیا هانی دەدان و پشتیوانی لێ دەکردن کە لە ناو ئیمپراتوریەتی نەمسا و مەجەردا پشێوی و ئاژاوە بنێنەوە و داوای ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆییان دەکرد ، ئەوە ئەنجامی بەوە گەیشت نەمسا بیر لەوە بکاتەوە ، پەلاماری دەوڵەتی صربیا بدات و بە جەنگ ئەو کێشانە یەکلا بکاتەوە .ئەو ناکۆکییە لە ئاکامدا بوە هۆی کوشتنی جێگری ئیمپراتوریەتی نەمسا و مەجەر ، کە لە هەمان کاتدا برازای ئیمپراتور بوو لە گەڵ خێزانەکەیدا کوژران ، جێگری ئیمپراتوریەتی نەمسا و مەجەر (ئەرشیدۆق فەرەنسیس فردیناند ) بۆ سەردان چوبوە بۆسنە لە ڕۆژی ٢٨ ی حزەیرانی ساڵی ١٩١٤ ز کۆمەڵەیەکی نهێنی صربی بە ناوی ( دەستی ڕەش – الکف الأسود ) خۆیان ئامادەکردو نەخشەی لەناوبردنی جێگری ئیمپراتوریان داڕشت ، کە لە ڕێگای سێ خوێندکارە وە لە کاتی تێپەڕبونی کەژاوەکەیدا بۆمبی تێ بگرن و لەناوی بەرن ، نەخشەو پلانەکە ئەنجامدراو جێگری ئیمپراتۆرو ژنەکەی کوژران لەو ڕۆژەدا .

کوشتنی (ئەرشیدۆق ) هۆکاری ڕاستەوخۆی بەرپابونی جەنگی جیهانی یەکەم بوو ، چونکە ئیمپراتوریەتی نەمسا و مەجەر ، دوای چەند داواکردن و چەند مەرجێك کە دەوڵەتی صربیا جێ بە جێ یان بکات ، کە ئەویش بۆی جێبە جێ نەکران و پێیان ڕازی نەبوو ، پەیوەندی دبلۆماسییان بڕا و لە ڕۆژی ٢٨ تەمموزی ١٩١٤ ئیمپراتوریەتی نەمسا و مەجەر بۆردومانی بلغرادی کرد و لە ڕۆژی ١٩١٤/٧/٢٩ ڕوسیا لەسەر صربیا بەدەنگ هاتوو بەرپەرچی نەمسا و مەجەری دایەوە و ، بە شێوەی کرداری بەشداری خۆی لە شەڕەکە ڕاگەیاند و لە ڕۆژی

١ ی ئاب ١٩١٤ ئەڵمانیا بۆ پشتیوانی لە نەمسا و مەجەر بەشداری خۆی ڕاگەیاند و لە ڕۆژی ٣ ی ئاب ١٩١٤ ئەڵمانیا پەلاماری فەرەنسای دا کە یەکێك بوو لە هاوپەیمانەکان . *

بەو جۆرە جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپابو لە نێوان هەردوو بەرەی شەڕەکەدا . ئەو هۆکارانە چ پەیوەندیەکیان بە ئەنجامەکانی جەنگەوە دەبێت کە هەردوو بەرەی جەنگ پلانیان بۆ داڕشتبوو لە کوردستان و بە گەلی کورد و کلتووری کوریییەوە . کوردستان و گەلی کورد پێش جەنگ بەشی هەرە زۆری سەر بە ئیمپراتوریەتی عوسمانی بوو ، ئەو وەك یەکێك لە دەوڵەتانی ( ناوەند – محوەر ) چویە جەنگەوە وە لە جەنگەکە لەبەرەی دۆڕاودا بوو ، کەواتە دەرەنجامی جەنگ کوردستان و گەلی کوردیش دەگرێتەوە ،

بەشەکەی تری کوردستان و گەلی کورد سەر بە دەوڵەتی ئێران بوو ، ئێران بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو لە و جەنگە ، بەڵام ڕوسیای قەیسەری بەشی باکووری ئێران و ڕۆژئاوای ئێرانی داگیر کردبوو ، کەواتە ئەو بەشەی کوردستان و گەلی کورد لەلایەن ڕوسیاوە داگیرکراون .

**تەوەری دووەم / کوردستان و گەلی کورد لە جەنگی جیهانی یەکەمدا**

هەردوو بەرەی جەنگ پێش هەڵگیرساندنی جەنگ و لە کاتی بەرپابوونی جەنگدا ، پلان و نەخشەی تایبەتییان هەبووە بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان و گەلی کورد ، بەڵام هەلو مەرجێکی لەبار نەڕەخساوە تاکو پلانەکانیان جێبە جێ بکەن . چونکە هەڵکەوتەی جوگرافیای خاکی کوردستان لە جیهانی کۆن و نوێ دا پێگەیەکی یەکجار گرنگی هەبووە ، وەك پردێك وابووە کە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقای بەیەکەوە بەستووە لە ڕێگای ووشکانی و هەوایی یەوە ، هەروەها دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە ، سنورەکەی لە باکورەوە لەگەڵ ئازەر بایجان و ئەرمینیا و تورکیادایە ، لە باشوورەوە ئێران و کەنداوی ( فارسی – عەرەبی ) . لە ڕۆژهەڵاتەوە ئازەر بایجان و ئێرانە ، لە ڕۆژئاواشەوە عیراق و سوریایە . [٢٠] ئەوەش کاتێك ئەو

---

* بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

– فاضل حسين و كاظم هاشم نعمة ، التاَريخ الأوروبى الحديث ، العراق – وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، ١٩٨٢ ، ص ١٧٧- ٢٢٦ .

– فاضل رسول ، كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط ، ترجمة غسان نعسان ، السليمانية – الفكر والوعي ، ٢٠٠٨ ، ص ١٥٨- ١٨٤ .

– ڕەسول هاوار ، کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووە وە هەتا شەڕی دووهەمی جیهانی ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی – چاپەمەنی خاك ، ٢٠٠٠ ، ل ٥٢٨- ٥٤٦ .

– ئاراس فریق زەینەل، مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، سلێمانی– چاپخانەی پەیوەند،٢٠١٠، ل٢٦٨.

– فيروز حسن حمه عزيز ، الأهمية الجيوستراتيجية اكردستان الجنوبية وتاثيرها على السياسة البريطانية ، السليمانية ، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية ، ٢٠٠٨ ، ص ٢٤٤-٢٧٦ .

گرنگییەی دەرکەوت کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ، پرۆژەی ڕاکێشانی خەتی شەمەندەفەری بەغداد سەری هەڵدا ، بۆ بەستنەوەی دەریای سپی ناوەڕاست بە کەنداوی عەرەبەوە ، کە ئەو خەتە دەبوو بە خاکی کوردستاندا تێپەڕێت ، هەروەها کاتێك پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا و ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە هێز بوون مافی دروستکردنی چەند پرۆژەیەکی ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە ناو تورکیا و ئەو وولاتانەدا کە لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بوون درا بە کۆمپانیا ئەڵمانیەکان ، و مافی دامەزراندن و بەکارهێنانی ژمارەیەك خەتی ئاسنیان پێ درا ، یەکێك لەو خەتانە خەتی بەغداد بوو ، کە ساڵی ١٩٠٣ مافی دروستکردنی درا بە کۆمپانیایەکی ئەڵمانیا و دەستیان بەکارکردن کرد تیایدا ، لە ساڵی ١٩٠٩ دا بە شانازییەوە بلاویان کردەوە ٩٤٦ کم لەو ڕێگایە تەواو بووە و ٧٤٠ کم تریشی لە تەواوبووندایە و دروستکردنی ئەو بەشەی تریشی ئاسانترە ، ئەو خەتی شەمەندەفەرە دەبوو لە تورکیادا مەرعەش و ئۆرفە و دیاربەکر و ماردین و موصل و کەرکوك ببڕێت و لەوێوە بگەیەنرێتە بەغداد و بەصرە و کویت.[21] ئەو هێڵی شەمەندەفەرە دواتر بە هێڵی شەمەندەفەری (بەغداد – بەرلین) ناسرا .[22] هەروەها کوردستان جگە لە پێگە جوگرافییەکەی دەوڵەمەند بوو بە زۆر لە کەرەستە خاوەکانی پیشەسازییە هەمە جۆرەکان جا ئەو کەرەستە خاوانە ڕاستەوخۆ بەکار هێنرابن یا دوای گۆڕانکاری بەسەریاندا لە پیشەسازییەکاندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە ، یا هەرڕاستەوخۆ بۆ بازرگانی کردن بەکارهاتوون جگە لەوانە هەر لە کۆتای سەدەی نۆزدە و سەرەتای سسەدەی بیست ، ئیتر زۆر بە ڕونی دەرکەوت بۆ وولاتە ئەوروپاییەکان ، کە خاکی کوردستان گۆمێکە لە نەوت و غاز ، جگە لە دەوڵەمەند بوونی بە هەموو جۆرە کانزاکانی تر . یەکێکی تر لە هۆکارەکان کە بۆ هەردوو بەرەی شەڕ گرنگ بوو ، ئەوەیە کورد ژمارەیەکی زۆر شەڕکەری هەیە ،هەرلایەك بتوانێت زوتر دەستی بەسەردا بگرێت دەتوانێت لە ڕێ ی سەرەك خێڵ و تیرە و بنەماڵەکانیانەوە ، ئەو شەڕکەرانە بەکار بهێنێت لە شەڕگەکاندا ، کوردستان بەشی هەرەزۆری لە و کاتەدا لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکاندا بوو ، عوسمانیەکان لە گەڵ بەرەی ناوەند (محوەر) دا بوون ، عوسمانیەکان بە هەموو ڕێگە و فڕوفێڵێك و لە هەموو شتێکیش زیاتر هەستی ئایینی خەڵکی ساویلکەی کوردستانیان دەجولاند ، جگە لەوەی بەڕاست و بەچەپیشدا پەیمان و گفتی دامەزراندنی ڕژێمی ئۆتۆنۆمییان لە کوردستاندا بلاودەکردەوە و بەمەبەستی تێوەگلاندنی کورد و

کوردستان بە جەنگی جیهانی یەکەمەوە .[23] ئەو هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر کوردستان و گەلی کورد و کلتووری کوردیان تێکەڵ بە جەنگ کرد ، بە بێ ئەوەی خۆی هیچ دەسەلاتێکی هەبو بێت ، کوردستان بەم جۆرە کە لە خوارەوە دەخرێتە ڕوو بەشداری کرد لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا : –

١– لەگەڵ عوسمانیەکاندا : لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان و گەلی کورد پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکاندا بوو چەکدارێکی زۆری لە کوردەکان دروست کردبوو بە ناوی ( سوارەی حەمیدیە ) وە .[24] وە ژمارەیەکی تریان سەرباز و ئەفسەری سوپای عوسمانی کوردبوون، زۆربەی لەشکری نۆهەمی ناوچەی ئەرزڕۆم و لەشکری دەهەمی ناوچەی سەیواس و لەشکری یازدەهەمی ناوچەی

ئەلعەزیز و لە شکری دوازدەهەمی ناوچەی موصل کوردبون . سەرەڕای هێزەکانی سوارەی حەمیدیەش . [٢٥] "

قەومی کورد لەم شەڕەدا ، دوو قوڵ ئۆردوو ( ١١ معموره العزیز ، ١٢ موصلی ) و ١٣٥ بلۆك سوارەی ئیحتیات ( ٤ فرقه و لیوایەك ) ی لەگەڵ بەعزێ تەشکیلاتی حدود و ژاندارمەی و بە تەواوی و بەشێکی موهیمی دوو قوڵی ئۆردووی تریشی ( ٩ ئەرزرۆم ، ١٠ سیواس ) هێنایە وجود ...... مقداری زایعاتی ئەمانە لەو شەڕەدا کەس نایزانێ ، بەلاّم ئەگەر بە تەخمین جائز بێ ، ڕەنگە لە ٣٠٠٠٠٠ زیاتر بێت ". [٢٦] کورد بەو جۆرە لەگەڵ عوسمانیەکاندا بەشداری شەڕی یەکەمی جیهانی کردووە.

٢- لەگەڵ ڕوسیای قەیسەری : کورد و کوردستان پەیوەندییان بە ڕوسیای قەیسەرییەوە ، دوولایەنە بووە ، لە لایەکەوە بە هۆی ئاینی ئیسلام و کە زۆرینەی کورد موسوڵمان بون هەر کاتێك عوسمانیەکان و فارسەکان لەگەڵ ڕوسیا کەوتبنە شەڕەوە ئەوە کورد لە گەڵیاندا بووە و شەڕی ڕوسەکانیان کردووە ، گوایا غەزایە و ( الجهاد المقدس ) وە ، کوردیان ڕاپێچی شەڕی ڕوس کردووە ، وەك شەڕەکانی ( ١٨٥٣ – ١٨٥٦ ، ١٨٧٧-١٨٧٨ ) کە لە نێوان ڕوس و عوسمانیەکان و ڕوویان داوە، دواتر بەشداری کردنی بەشێکی کورد دژی ڕوسەکان شان بەشانی عوسمانیەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ، وەك شەڕی داگیرکردنی ئازەر بایجان لە سەرەتای جەنگدا و شەڕەکانی ١٩١٦ ی نێوانیان کە ڕوسیا توانی تا ڕواندوز و سلێمانی و خانەقین پێشڕەوی بکات . لە لایەکی ترەوە کوردەکان بە هۆی زوڵم و زۆر و سەرانە سەندن و باج وەرگرتنەوە لە لایەن عوسمانیەکان و فارسەکانەوە ، بەشێکیان لەگەڵ دەوڵەتی ڕوسیای قەیسەریدا بوون دژی عوسمانیەکان و فارسەکان شەڕیان دەکرد و پشتیوانیان لە ڕوسەکان دەکرد ، وەك شەڕی ١٨٢٩ دوو کەتیبەی جەنگی کورد لە سەر سنوور لە پاڵ ڕوسەکاندا شەڕی عوسمانیەکانیان دەکرد . کابتن (افریانوف ) لەوبارەوە دەڵێت ((سەپێنرا بەسەر ڕوسیادا لەسەدەی نۆزدەدا ، دوو شەڕی لەگەڵ ئێران و چوار شەڕ لەگەڵ تورکیا بکات ، کوردەکان لە دژمان بەشدارییان کردووە و پێشەنگی دوژمنەکانمان بوون لەو شەڕانەدا ، بەلاّم دواتر بەشێکیان دایانە پاڵ ئێمە و دژی ئەوان شەڕیان کرد )) ، ئەم دولایەنییەی یا دووسەرەییەی کورد لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ ڕوسیادا ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە لایەکەوە هۆی ئاینی لە پشتەوە بوبێت و لە لایەکی ترەوە بەشی هەرە زۆری کورد و کوردستان لە ژێر دەسەلاّتی عوسمانی و ئێرانییەکاندا بوون ، بە بەراوورد لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی کەمی کوردەکان لە ژێر دەسەلاّتی ڕوسەکاندا بون ڕاستەوخۆ ، لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان لای ڕوسەکان گرنگییەکی ستراتیژی هەبووە هەر لە کۆنەوە ، بەلاٙم لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆرتر و بە ئاشکراتر ئەو گرنگییە دەرکەوت ، چونکە لەسەدەی نۆزدەوە لەگەڵ بەریتانیا لە پێشبڕکێدا بوون کە هەلێك بێتە پێشەوە و دەست بەسەر کوردو کوردستاندا بگرن . [٢٧] گومانی تیا نیە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە هۆی ڕوسیاوە کورد تووشی کارەساتی گەورە بووە و زیانی گەورەی بەرکەوتووە .

٣- لەگەڵ بەریتانیا : پێش جەنگی جیهانی یەکەم ئینگلیزەکان خۆیان بۆ داگیرکردنی عیراق ئامادە کردبوو ، کە سێ صەد ساڵ دەبوو چاویان بڕیبوە سامان و شوێنی هەڵکەوتووی لە ناوەندی ڕۆژهەلاّتی نزیك و

ناوەڕاستدا ، بۆ یەکا تەنها ڕۆژێك بە سەر بەرپابونی شەڕ لە نێوان بەریتانیای گەورە و دەوڵەتی عوسمانیدا تێپەڕی ، کاتێك هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز لە باشورەوە پەلاماری خاکی عێراقیان دا و هەر ئەو ڕۆژە کە دەیکردە شەشی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ ، توانیان فاوی تاکە بەندەری ئەوسای عیراق داگیر بکەن .لەو ڕۆژەوە تا تشرینی دووەمی ١٩١٨ خاکی عیراق بوە یەکێك لە شەرگە سەرەکییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بایەخی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی شەڕی یەکەمی جیهان کەم نەبوو . (٢٨) هەروەها ولاتی سولەیمانی ولاتی عوسمانی بو ، لەلایەکەوە ئینگلیز پەلاماری بۆ ئەدا ، لە لایەکەوە ڕوس ، لە هەردولاوە شێخ مەحمود کەوتە کۆڕی شەڕەوە ، لە ١٩١٧ لە کوت و عەممارە لە گەڵ ئینگلیز شەڕی کرد ، هەر لە ئاخری ئەو ساڵەشدا لە ولاتی پێنجوین لەگەڵ ڕوسیش شەڕی کرد ، لە ساڵی ١٩١٨ شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێککەوت و کردیان بە حکومداری کوردستان . (٢٩) دوا بە دوای ئەوە جارێکی تر پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز تێکچوەتەوە و ئەو ڕاپۆرتانەی ئینگلیز کە زانیاری زۆریان تێدا هەیە ، بەم جۆرە هەندێك زانیاری دەخەنە ڕوو ، باسی کوشتنی میستەر بێڵ و کاپتن سکۆت و کابتن سالمۆن ی تێدایە کە لە لایەن کوردەوە کوژراون ، لە هەمان ڕاپۆرتدا باسی شەڕی نێوان سورچی و ئینگلیز دەکات و دوای بەرگریەکەیان ناچار بوون بکشێنەوە و ٢٠ کوژرا و ٧٠ بریندار و کاولکردنی ژمارەیەك خانوبەرە و گرتنی دوو سێ ڕانە مەڕ و بزنیان پێبوە ، هەر لە هەمان ڕاپۆرتدا باسی شێخ مەحمود و سمایل ئاغای شوکاك (سمکۆ) و مەحمود خانی دزلی و ئەوڕەحمان ئاغای سەرۆکی هۆزی شرناخی کوردستانی تورکیا و مەحمود خانی دزلی گەورەی هەورامان هاتووە ، دەڵێ لە ناوچەی سلێمانی پڕوپاگەندەیەکی زۆر دژی بەریتانیا کراوە ، مەحمود خانی سەرداری گوندی دزلی بەشداری بزوتنەوەکانی شێخ مەحمودی کرد و ...... لە هەڵەبجە و شارەزوور پەلاماری هێزێکی لیڤی داوە و کاپتن ڤیتزگیبۆنی فەرماندەی هێزەکە بریندار بوە .(٣٠) کەواتە کورد لە شەڕێکی بەردەوامدا بوە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان لە کاتی جەنگی جیهانی یەکە م و دوای جەنگیش . تەنانەت واسموس کونسوڵی ئەڵمان لە بوشهر بە یارمەتی عەشیرەتی کوردی سەنجابی توانی ڕێگری لە یەکگرتنەوەی هێزەکانی ڕوسیا و بەریتانیا بکات ، و نۆکەرانی بەریتانیاش توانیان عەشیرەتەکانی کەلهور و گۆران و هەورامان بە دراو فریو بدەن ....هتد . (٣١) هەروا ئەڵمان و فەرەنسا و باقی ولاتانی شەڕکەر لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ، مەیدانی شەڕەکەیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کوردستان بوە، لازاریف وتویەتی (( لە ڕاستیدا دەنگی یەکەم تەقەی شەڕ لە ڕۆژهەلاتی نزیکدا لە کوردستانی ئێران بەرز بوە وە نەك لە دەریای ڕەش )) .(٣٢) بەم جۆرە لە ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٨ هەموو لایەکی کوردستان بوبو بە بەشێکی گرنگ لە مەیدانەکانی شەڕی یەکەمی جیهان و لەشکری ئینگلیز و ڕوس و تورك و هۆزە چەکدارەکانی کورد و سوارەی حەمیدیە و پیاوانی ئەڵمان و لەو ساڵانەدا هەر یەکە بە جۆرێ لە سەر خاکی کوردستان دەوری خۆی دەبینی .(٣٣) کەواتە لە هەمو لایەکەوە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا خاکی کوردستان کراوەتە مەیدانی شەڕ و کوشتار و لە شکرکێشیەکانی هەردوو لایەنی جەنگ ، هەریەکەیان بە پێ ی توانا و سەنگی خۆی زیانی بە خەڵکی کوردستان و کلتووری کورد و خاکی کوردستان گەیاندووە ، تا ئەو کاتەی لە ڕاگرتنی شەڕ لە مۆدرێس

مۆر كرا لە نێوان هەردو بەرەی شەڕدا هەمو نەهامەتیەكانی ئەو شەڕە بە سەر خاكی كوردستاندا باری و دواتریش بە پێ ی ڕێككەوتننامەی پاریس پارچە پارچە كرا .

**بەشی سێ یەم**

**كلتووری كورد**

باس كردنی ئەم بەشە بە دوو تەوەری سەرەكی باس دەكرێت لە ڕوی سیاسی و دابونەریت و ژیان و گوزەران و ئابوری كوردستانەوە .

**تەوەری یەكەم / ڕێككەوتننامەی سایكس – بیكۆ و كلتووری سیاسی كورد**

ئەم تەوەرە باس لە كلتووری كورد دەكات كە وەك دەرەنجامی ڕێككەوتننامەی سایكس – بیكۆ ڕوبەڕوی بوەتەوە ، یا دەرەنجامی ئەو ڕێككەوتننامەیە كە بە درێژایی سەد ساڵ وڵاتانی زلهێز و باڵادەست و پلان داڕێژەری ئەو ڕێككەوتننامەیە دەرهەق بە كوردستان و گەلی كورد پەیڕەویان كردووە ، ئەویش (خەبات و تێكۆشان و خوێن بەخشینی گەلی كوردە لە پێناو یەكگرتنەوەی خاكی كوردستان و گەلی كورد و ئازادی و سەربەخۆیی و دیموكراتی و مافی مرۆڤی كوردە لە لایەك ، لە لایەكی ترەوە ڕێگری و بەرپەچ دانەوە و داگیركاری و چەوسانەوەی دەوڵەتە داگیركەرەكان و بێدەنگ بونی نەتەوە یەكگرتوەكان دەگرێتەوە ، بەرامبەر بەو هەموو زوڵم و ستەمەی ڕوبەڕوی گەلی كورد و كوردستان كراوەتەوە ) ، چونكە تاكو ئێستا داواكارییەكانی گەلی كورد و خەبات و تێكۆشانی وەڵامی گونجاویان نەدراوەتەوە و داگیركەران و ڕێكخەرانی ڕێككەوتننامەكە لێ ی بێدەنگ بون !! بە پێ ی پێوەرەكانی زانستی سیاسی و یاسایی و كۆمەڵایەتی بێت ، كورد بە كۆنترین نەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژوودا ناوبراوە، و هەموو پێناسەكانی نەتەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت و نەتەوە بوە . تا ڕێككەوتننامەی سایكس –بیكۆ و ڕێككەوتننامەی پاریس . دوا بە دوای ئەوە لە نەتەوە وە گۆڕراوە بۆ كۆمەڵگای كورد . نەتەوە ئەو كۆمەڵە مرۆڤەن كە خاوەنی پارچە زەوییەكی دیاریكراون و كلتوورێكی هاوبەش و زمان و مێژوو و بەرژەوەندی ئابوری هاوبەشیان هەیە . [٣٤] كورد بە پێ ی ئەو پێناسەیە نەتەوەیە و یەكێكە لە نەتەوە دێرینەكانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست .

بەڵام لە دوای ڕێككەوتننامە نهێنییەكەی سایكس – بیكۆ و پەیمانی پاریس و لۆزان ، كە لە نێوان ساڵەكانی ١٩١٦–١٩٢٤ ز لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەكاندا مۆر كران ، خاكی كوردستان دابەشكرا و چوار دەوڵەتیان پێ تەواو كرد بۆ سێ نەتەوەی تورك و عەرەب و فارس . [٣٥] ئیتر كوردستان وەك خاكێك كە تەنها كۆمەڵە خەڵكێكی دیاریكراو خاوەنی بن كە ئەویش كورد بوو ، نەما و خاوەنداریەتیەكەی درا بە خەڵكێكی تر ، هەروەها نەتەوەی كورد (وەك نەتەوە هەڵوەشێنرا ) و كرایە (چوار كۆمەڵگای خۆجێ یی) وە هەر یەكەیان بەسترایەوە بە و چوار دەوڵەتەوە و بونە تەواوكەری ئەو دەوڵەتانە .

( کۆمەڵگای خۆجی ٰیی ) بریتیە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە لە سەر سنورێکی جوگرافی دیاۆیکراو دەژین بە چەند چالاکییەکی ئابوری و سیاسی و ڕێکخراوەیی و بەرژەوەندی هاوبەش و بەڕێوەبردنەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە وچەند ئامانج و هەست و بەها و داب و نەریتێکی وەك یەکیان هەیە .[٣٦] کورد بە پێ ی ئەم پێناسەیە ، خاکەکەی دابەشکراوە بۆ چوار سنووری جوگرافی (کۆمەڵگای خۆجێ یی ) خەڵکەکەشی دابەشکراوە بە سەر چوار دەوڵەتدا و لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە سەر بەو دەوڵەتانەن ، چەند جموجوڵێکی ئابوری و سیاسی و ڕێکخراوەیی هاوبەشیان هەیە و ئامانج و بە ها و ئاواتی هاوبەشیان هەیە ، وە بە کلتوور و داب و نەریتێکی کوردەوارییەوە دەناسرێنەوە . هەروەها بەم جۆرەش پێناسە دەکرێت (کۆمەڵگای خۆجێ یی ، کۆمەڵە خەڵکێك کە شوێنێك ئاوەدان دەکەنەوە بۆ یەکەم جار ، وە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن ، زۆربن یا کەم گرنگ نیە ، بەڵکو پێویستە ئەندامەکانی بتوانێ هەموو پێویستییەکانیان لە ناو کۆمەڵگەکەدا دابین بکەن و بژین ، وەك نەتەوەیەك ، شارێك ، دێیەك ) .[٣٧] بە پێ ی ئەم پێناسەیەش ئێستا کورد چوار کۆمەڵگای خۆجێ یيە کە کەوتۆتە سەر چوار دەوڵەتی جیاواز .

بە درێژایی مێژوو گەلی کورد و خاکی کوردستان بە قەدەر ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ زیانی بەر نەکەوتووە ، چونکە کورد لە ساڵی ٥٥٠ پ . ز تەنها دەسەلات و حکومڕانی لێ سەندرا لە مادەکانەوە بۆ پارسەکان – فارسەکان .[٣٨] بەلأم خاك و خەڵك سەلامەت بوون و دەسکاری نەکران ، هەروەها لە سەردەمی داگیرکاری ئیسلامدا لە ساڵی ١٦ ك ( ٦٣٧ ز ) کە لە جەلەولاوە پەلاماری کوردستان و گەلی کورد درا ، تا تەواو بوو ئەو هەموو کوشتار و ماڵوێرانیە کە بە سەر کورددا هات ، تەنها داگیرکرا .[٣٩] هەرچەندە گەلی کورد و خاکی کوردستان لەو کاتەدا ئیسلام داگیری کردووە ، بەلأم پارچە پارچەی نەکردووە و بە یەکگرتویی ماوەتەوە ، تاکو ئەو کاتەی دوو دەسەلأتی ئیسلامی بە ناوی (سەفەوی – ئایینزای شیعە ، و عوسمانی – ئایینزای سوننە ) بە پێ ی ڕێککەوتنی زەهاوی ساڵی ١٦٣٩ ز ، کە بۆ یەکەمجار لە نێوان خۆیاندا کوردستانیان دابەشکرد و دواتر بە پێ ی هەردوو ڕێککەوتننامەکانی ئەرزرومی یەکەم ١٨٢٢ و دووەم ١٨٤٧ ز هەر بەو جۆرە مایەوە .[٤٠] لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێککەوتننامانە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا مۆر کرابوون . کەچی نەیان توانی گەلی کورد لە یەکتر دابڕن و جیایبکەنەوە، هەروەها خاکی کوردستانیشیان پێ دابەش نەکرا ، ئەو ماوە دووروودرێژە کورد لە ژێر سایەی ئەو دەوڵەتانەدا جۆرە دەسەلأتێکی خۆبەڕێوەبەری هەبووە ، هەرچەندە دەرەبەگایەتی بووە . بەلأم نزیکەی ٤٦–٤٨ میر نشینی کوردی فەرمانڕەوایەتییان کردووە و خۆیان خۆیان بەڕێوە بردووە بۆ ماوەی چوار سەد ساڵی ڕەبەق .[٤١]

لە ئاکامی جەنگی جیهانی یەکەم و بە پێ ی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ کلتووری سیاسی کورد گۆڕرا، لە لایەکەوە خەڵك و خاکەکەی دابەشکرا بەسەر خاك و سنوری سیاسی چوار دەوڵەتی تردا و هەموو مافێکی خاوەنداریەتی کوردستان لە کورد زەوت کراو ئەو دەوڵەتانە بە ناهەق دور لە هەموو یاساو ڕێسایەك ، بە پێ ی ئەو ڕێکەوتننامەیە مافی خاوەندارییەتی خاکی کوردستانیان پێدرا و کوردی لێ بێ بەری کرا ، و بەو جۆرە

دابەشکرا ، ١٨ ویلایەت بۆ تورکیا کە ڕوبەری خاکەکەی ٢٢٠٧٣٥ کم ٤ ئۆستان بۆ ئێران کە ڕوبەری خاکەکەی ١٠٦٥٧٧ کم ، ٥ پارێزگا بۆ عیراق کە ڕوبەری خاکەکەی ٧٤٠٠٠کم ، ٥ پارێزگا بۆ سوریا کە ڕوبەری خاکەکەی ١٤١٩١٦ کم ، چونکە خاکی کوردستان بە ٥٤٣٢٢٨ کم دانراوە .[٤٢] لە لایەکی ترەوە هەر بە پێ ی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە نەتەوەی کورد دابەشکراو خرایە سەر سێ نەتەوەی فارس و تورك و عەرەب ، کرایە کەمینە و ئەوان بون بە زۆرینە لە ناو سنورێکی جوگرافی سیاسی نوێدا ( دەوڵەت ) بە ناوی دەوڵەتی عیراق و سوریا و تورکیا و ئێرانەوە ناونران .

نەتەوەی کوردیش بوو بە کۆمەڵگای خۆجێ یی لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا و ، هەروەها کلتووری سیاسی کورد گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەردا هات ، کە لەو کاتەوە لە کلتوورێکی جێگیرەوە بەرەو کلتوورێکی سیاسی جولاَ و (بزوان ) گۆڕاو و لەو کاتەوە گەلی کورد کەوتە خەبات و تێکۆشان و خوێنبەخشین لە پێناو یەکگرتنەوە و ڕزگاربونیان لە ژێر دەستی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان، گەلی کورد پازدە جولاَندنەوەی چەکداری و ڕاپەڕینی بەرپاکردووە جگە لەمانەی ئێستا . بەلاَم هەر هەموویان سەرکوت کراون و لەناو براون . ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەلاَت ئەم حیزبانە لە خەبات و تێکۆشاندان ( دیموکرات و کۆمەڵە و پژاك ) ، هەروەها لە کوردستانی باکوور PKK و هەدەپە ، وە لە ڕۆژئاوا (پەیەدە و چەند ڕێکخراوێکی تر ) هەر هەموویان لە خەباتدان .

لە کوردستانی باشوور ئەوە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ تێپەڕ دەکات جۆرە فەرمانڕەوایەتیەکی خۆجێ یی پیادە دەکرێت ، بەلاَم تا ئێستا بەندەکانی سایکس – بیکۆ و پاریس و لۆزان ڕێگرن لە یەکگرتنەوەی خاکی کوردستان و سەربەخۆ بونی و بە دەوڵەت کردنی ، هەروەها ڕێگریشن لە یەکگرتنەوەی گەلی کورد و کلتووری کورد لە سەروی ئەوەشە وە ڕێککەوتنامەی جەزائیری ١٩٧٥ نێوان حزبی بەعسی عێراق و شای ئێران مۆرکراو کۆتایی پێهێنانی جولاَنەوەی ئەیلولی کوردستانی باشووری لێ کەوتەوە ، وەهەروەها بەستنی چەند پەیمانێکی نێوان ئێران و عیراق و تورکیا بۆ ڕاگوێزانی گوندە سنووریەکانی نێوان (ئێران – عیراق ، تورکیا – عیراق ) بە قولاَیی ٢٠کم .[٤٣] هەر هەموویان لەسەر بنەماکانی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ و پاریس و لۆزان دارێژراون . کەواتە ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ ماوەی سەد ساڵە کوردستان و گەلی کوردی کۆت و زنجیر کردووە ، هەرچی کارەسات و کوشت و بڕ و دەربەدەری و قڕکردنی کورد هەیە ، بە پێ ی یاساو ڕێساکانی ئەو ڕێککەوتننامانە ، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەسەر گەلی کورددا دەیسەپێنن .

کلتووری سیاسی کوردی لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا ڕوبەڕوی هەڵچوون و داچوونێکی زۆر بوەتەوە ، زۆرجار پەنا براوەتە بەر جولاَنەوەی چەکداری و ، خوێنێکی زۆر بەخشراوە ، هەندێ جار چالاکی ڕۆشنبیری و خەباتی مەدەنی گیراوەتە بەر بە پێ ی هەلومەرجەکان کە پێویستی کردبێت گەلی کورد خەباتی جۆش داوە، بەلاَم بە فرۆفێڵ و بە نەخشەو پلان لە لایەن داگیرکەرانەوە لاواز کراوە و لە کۆتاییدا لە ناو براوە ، لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە ڕیشەکێش بکرێت و گەلی کورد لە خەبات دووربخرێتەوە ، بەو پێ یە هەموو جارێك کە کلتووری

سیاسی شکستی خواردبێت جارێکی تر لە هەلومەرجێکی تردا بە بەرگێکی ترەوە گەرموگوڕ تر سەری هەڵداوەتەوە ، ئەوەش لە هەموو بەشەکانی خاکی کوردستاندا تا ئەم ساتە وەختە درێژەی کێشاوە نازانرێت لە دوای تێپەڕبونی ئەم سەد ساڵەوە سیاسەتی نوێ ی داگیرکەران بەرامبەر بە گەلی کورد و خاکی کوردستان چۆن دەبێت ، کە ئێستا ئەم هەموو ڕوداوە نوێیانە ڕوویان کردوەتە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و خاکی کوردستان بە تایبەتی ، هەر لە سەرهەڵدانی (داعش ، تحالفی دولی ، شەڕەکانی کوردی لەگەڵ تورکیا و ئێران و سوریا ، هاتنەناوەوەی سوپای ئێران و تورکیا و ڕوسیا ، ....هتد ) . هەموو ئەمانە لەسەر خاکی کوردستان یان دەوروبەری خاکی کوردستان پەیدابون و بەڕێوە دەبرێن .

**تەوەری دووەم / ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ و فەرهەنگی کورد (ژیاری کورد )**

فەرهەنگ ، یا ژیار زۆر توخم و ڕەگەزی کلتووری لە خۆ دەگرێت ، جا ئەو توخمانە مادی بن یا مەعنەوی ، کە هەموو دەساوردەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن ، کورد وەك نەتەوەیەك سەردەمێك خاوەنی فەرهەنگ و ژیاری مادی و مەعنەوی سەربەخۆ بووە ، کە خۆی خاوەنیەتی و بەوەوە دەناسرێت لەوانە ( زمان ، داب و نەریت ، پەروەردە و فێرکردن ، ئایین ، یاسا ، هونەر بە هەموو جۆرەکانیەوە ، جل و بەرگ ، خانووبەرە ، بەرهەمهێنان ، ....هتد ) ئەم توێژینەوەیە باسێکی کورتی لە کلتووری سیاسی کورد کرد ، ئێستا باس لە چەند توخم و ڕەگەزێکی کلتووری کورد دەکات مادی یا مەعنەوی کە ئەوانیش بریتیین لە :

١- زمان : باس لە پێکهاتەی ئۆرگانی زمان و فەرمانەکانی زمان لە ڕووی بایولوجیەوە ناکات ، بەڵکو باس لەو توخمە کلتووریە دەکات کە پێ ی دەوترێ زمان وەك پێکهێنەرێکی نەتەوەی کورد و گەلی کورد . گەلی کورد خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی بووە بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی ، کە ئەو زمانە لقێکی سەربەخۆیە لە زمانە ئێرانیەکان و سەر بە زمانی هیندۆ – ئێرانیەکان بووە ، کە ئەویش بەستراوەتەوە بە زمانی هیندۆ– ئەوروپاییەکانەوە .[٤٤] ئەم زمانە بنەمایەکی سەرەکی پێکهاتەی نەتەوەی کورد و گەلی کوردە ، کە بە هۆیەوە ئەو کۆمەڵە مرۆڤە قسەی پێ دەکەن پێ یان دەوترێ کورد یا کوردزمان وە بە هۆیەوە ئەو کۆمەڵە مرۆڤە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و ڕاز و نیازی خۆیان بە یەکتر دەگەیەنن ، ئەم زمانە ڕاستە بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی خاکی کوردستان و زۆری و پرش و بلاوی دانیشتوانی گەلی کورد و بەرزی و نزمی و دابڕان و هەڵدێر و نشێو و سەختی خاکەکەیەوە ، هەندێك جیاوازی بەدی دەکرێت لە نێوان ناوچە دورەدەستەکان و باکوور و باشوورو ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستان ، و لە نێوان شێوەزارەکانی زمانی کوریدا. بەلام بە ئاسانی لە یەکتر تێدەگەن و هەمیشە پەیوەندییان بە یەکەوە هەبووە بە هۆی زمانەکەیانەوە ، ئەگەر لە جێگایەك و لە شێوەزارێکی ئەمسە ر و ئەوسەری کوردستان کوردەکان ئالوگۆڕی جێگاکانیان کردبێت لە ڕێ ی کۆچ و گواستنەوەوە ، لە ماوەیەکی کورتدا فێری شێوەزارە نوێکە بوون.

مێجەر نۆئێل بەم جۆرە باسی زمانی کوردی دەکات (( گەلێ جار ئەوە ووتراوە کە زمانی کوردی ، تەنیا دیالێکتێکە و دۆلاَ ودۆلْ جیاوازە ڕاستە لە باشوری خۆرهەلأتی کوردستانەوە (بابانی ) ، ئەم زمانە ، تا دیالێکتی کرمانجی کەمێك جیاوازی هەیە ، وەلیّ ئەوە ڕاست نییە کە ئەو جیاوازییە کەمە بە جیاوازییەکی تانو پۆ دابنرێت و بە جیاوازی یەکی گیانی لە قەلّەم بدرێت . من چەند زەلامێکی بۆتانی و دیار بەکری و هەکاریم لەگەلّدا بوون ، گشتیان بە ئاسانی لە یەکتری دەگەیشتن و لە دیالێکتەکەی ئەوپەری کوردستانیش بە جوانی تێدەگەیشتن ، تەنیا ئەوەندە هەیە ، دەبوو چەند هەفتەیەکی کەم لەویّ بمانایەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە ڕەوانی هەروەك زمانی دایکی خۆیان پیّ ی بئاخەفن ...هتد.[٤٥]

بەو پیّ یە پێش ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ زمانی کوردی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دیالێکتەکانیدا زۆر نەبووە ، بەلأم کاتێك کوردستان دابەشکرا و لکێنرا بە ئێران و عێراق و سوریا و تورکیاوە ، بە هەمان شێوە زمانی کوردیش بەش بەش کرا و دابڕێنرا ، و بەو بنەماو یاسایانە کرایە زمانی کەمینە و کۆمەلّگای خۆجیّ یی و هەر کۆمەلّگایەکیان سەر بە یەکێك لەو دەولّەتانە بوو ، لە تورکیا زمانی کوردی ڕیّ ی لیّ گیرا و قەدەغەکرا و هەولّی تواندنەوەی درا لە ناو زمانی بالأ دەستدا کە تورکی بوە ، لە ئێران بە هەمان شێوە و هەولّی لەناوبردنی درا لە ناو زمانی فارسییدا ، لە سوریادا ڕێی لیّ گیراو قەدەغە کرا ، تەنها لە عێراقدا لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە زمانی کوردی لە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و هونەر و وێژەدا ، وە لە ئاخافتن و شارەکوردییەکاندا ڕیّ ی لیّ نەگیرابوو.

بە حوکمی تێپەڕبونی کات و کاریگەری ڕۆشنبیری کلتووری بالأ دەستی دەولّەتە داگیرکەرەکان ، و سیاسەتی ئەو دەولّەتانە بەرامبەر بە زمانی کوردی ، گومانی تیا نیە کە زمانی کوردی کەوتە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و زمانی ئەو گەلانەی ترەوە ، بۆیە لە کوردستانی ڕۆژهەلأت ڕۆشنبیری فارسی ، و لە کوردستانی تورکیا ڕۆشنبیری تورکی ، و لە کوردستانی ڕۆژئاوا و عیراق ڕۆشنبیری عەرەبی تێکەلْ بە زمانی کوردی بوە . ئێستا بە ئاسانی کوردەکانی باکور و باشور و ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا لە یەکتر تێناگەن .

لە دەوروبەری پارێزگای سلێمانیدا لە شارۆچکەی عەربەت کوردی ڕۆژئاوا هەیە ، لە گوندی زڕگوێز کوردی ڕۆژهەلأت هەیە لە ناوچەی پشدەر و دەوروبەری پارێزگای دهۆك کوردی باکور هەیە ، تەنها بە جلوبەرگەکاندا دەزانرێت ئەوانە کوردن ئەگینا زۆر بە گرانی لەیەکتر تێدەگەن ، زۆرجار پێویست بە وەرگێڕ دەبێت بۆ تێگەیاندنی کوردەکان لە یەکتری ، ئەوەش هەموو کاریگەری ڕۆشنبیری زمانی بالأ دەستە کە تورکی و فارسی و عەرەبیە لەسەر ڕۆشنبیری زمانی کەمینە بوە لە دەولّەتەکانیاندا ، جا بە ئەنقەست لە ڕوی سیاسیەوە بوبێت یا لە ڕوی هونەر و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییەوە بوبێت ، زمانی کوردی ڕەسەن شێوێندراوە و ڕۆشنبیری ئەو زمانانەی تری تێکەلْ بووە . ئەو کاریگەرییەی کلتوور ، بە پیّ ی ئەو بنەماو یاسا و ڕێسایانەی کلتووری بالأ دەست و ژێر دەست– الثقافة المهيمنة والثقافة الخاضعة.[٤٦] ڕویداوە کە بە مەبەستی تواندنەوەی زمانی

کوردی لە ناو ئەو زمانانەی تردا پەیڕەو کراوە ، ئەوەش جۆرێکە لە سیاسەتی داگیرکەران بەرامبەر بە کەمینە و کلتووری کەمە نەتەوایەتیەکان کە بە کاری دەهێنن دژی ئەوانی تر .

٢- کلتووری ئابوری و گوزەران : کورد و نیشتمانەکەی ، کانگای چەندین جۆر بەرهەمهێنان بوون ، کە بژێوی کۆمەڵگای کوردیان دابینکردووە لە ڕێ ی ئەو توخمە کلتووریانەوە ، کە بە کۆڵەکەکانی ژیان، و ئابوری دەژمێردرێن کە بریتین لە ( بەرهەمهێنان ، پیشەسازی کردن ، ئاڵوگۆڕ) کردن ، گەلی کورد بە شایەتی هەموو ڕۆژهەڵات ناس و میسیونێرەکان و داگیرکەرانی کوردستان ، پێش جەنگی جیهانی یەکەم لەو کایانە دەست ڕەنگین بوو و کارامە و پێشەنگ بوو لە ناوچەکەدا ، بگرە لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ، کە لە هەموو بوارەکاندا هونەریان نواندوە و داهێنەری بوون ، بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیایەکەی و جۆری پێویستیەکەیان و زۆری کەرەستە خاوەکان و ئیشکەر و شارەزا ی هەمە جۆرەوە ، کە پێویستیەکانی خەڵکی کوردستانیان پڕکردونەتەوە و بەشێکیشیان بۆ دەورو بەری کوردستان ناردووە وەك لەم نوسینەدا دەردەکەوێت:

١٠ هەزار ساڵ پێش زایین کورد گوندی دروست کردووە ، وەك گوندی ( زاوی چەمی ) ، هەروەها ٧ هەزار ساڵ پێش زایین کورد کشتوکاڵ کردنی زانیوە ، کۆنترین گوندی کشتوکاڵی لە جیهاندا گوندی (چەرموو ) بوە کە لە نزیك شارۆچکەی چەمچەماڵ لە هەرێمی کوردستانی عیراقە .[٤٧] هەروەها کورد کۆنترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە کە زانیویانە ئاژەڵ بە خێو بکەن و بزن و بەرازیان ڕاگرتوە و تەیرو تیوریان ماڵی کردووە ، هەروەها ٧٥٠٠-٦٥٠٠ پ . ز کورد کانزای بەرهەمهێناوە بە تایبەتی (مس) و دواتر لە ئاسن هەندێك لە کەلوپەلەکانی خۆی دروستکردووە .[٤٨] کورد هەر لەو کاتەوە دەستێکی باڵای هەبوە لە بازرگانی و ئاڵوگۆڕدا بە درێژایی ئەو هەمو سەردەمە مێژووییانە تا دەگاتە سەدەی هەژدە و نۆزدە و بیستەم ، جگە لە دروستکردنی (تۆپەکانی وەستا ڕەجەب ) لە ڕەواندز و بونی کانی مەعدەن لەو ناوە ، لەسەدەی بیستەمدا ناوچەی (زەنگوڵداغ و زەرنیخیان وجۆڵە مێرگ ) ئاسن و مس و زەرنیخیان دەرهێناوە و ، ساڵی ٣٠ هەزار قەنتاری لێ نێردراوەتە ئەستەمبوڵ و بەغدا و هندستان، هەروەها شارەکانی ئەستەمبوڵ و حەڵەب ودیمەشق و بەیروت ، مەڕو بزنی کوردستانیان بۆ نێردراوە ، تەنها شاری ئەستەمبوڵ ساڵانە سێ ملیون سەر مەڕی بۆ نێردراوە ، هەروەها شارەکانی تری حەڵە ب و بەغدا هەر ساڵەی ٣ ملیۆن مەڕی کوردستانیان بۆ چوە و بەندەری سامسۆنیش بە تەنها ساڵی ٢٠ ملیۆن هێلکەی لە کوردستانەوە دەهانی ، ....هتد .[٤٩] هەروەها گەلی کورد لە پێش زاینەوە شارەزایی باشی هەبوە لە بەرهەمهێنانی دار و درەخت و بەرهەمهێنانی ڕەز و باخدا وە هونەریشیان نواندوە تیایدا، مێژووی بەڵگە نامەکانی هەورامان باس لەوە دەکەن کە کورد لە پێش زایین ساڵی ٨٨ ، ١١ ، ٩ پ.ز بەرهەمهێنانی ڕەز و باخی زانیوە ، چونکە لە و بەڵگەنامانەدا باس لە کڕین و فرۆشتنی (ڕەزێك ) دەکات، بە پێ ی یاسای ئەو سەردەمە فرۆشراوە .[٥٠] هەروەها (أدمۆندز ) دەڵێت لە هونەری باخدانان و جۆگا ڕاکێشاندا هەورامیەکان شارەزاترن تاکو ئەو هونەر و زانستانەی کە ئەندازیارەکەی هەیبوە لەو بارەوە.[٥١] جەنگی جیهانی یەکەم و ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ ئەو کلتوورە دەوڵەمەندەی گەلی کوردی دابەشکردوو کردو و لاوازی

کرد ، کلتووری داگیرکەران و وڵاتانی ترو گەلانی تر بونە جێگرەوەی لەو وڵاتانەدا کە داگیریان کردووە ، لە ڕۆژی ٢٠١٦/١/٢٤ کەناڵی KNN وتارێکی (عبدالستار مجید) وەزیری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستانی باشوری بڵاوکردەوە کە دەڵێت « ئێستا هەرێم لە ئێران و تورکیاوە توور و پیا ز و پەتاتە و تەماتە و خەیار ...هتد بۆ دێت » ، ئەمە حاڵی هەرێمی نیمچە سەربە خۆی کوردستان بێت کە ماوەی ٢٤ ساڵە خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات !! ئاخۆ بازاڕ و کلتووری ئابوری و شێوەی گوزەرانی بەشەکانی تری خاك و گەلی کوردستان چۆن بێت لە ژێر سایەی حوکمڕانی داگیرکەرانی کوردستاندا . ئەو نەهامەتی و بارە نالەبارە کە ڕوبەڕوی گەلی کورد بوەتەوە و کلتووری ئابوری کوردی بەو ئاراستەدا بردووە ، هەمووی نەخشەو پلانی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ بوە ، هەر ئەویش بەرپرسیارە لەو داگیرکاریەی بازاڕو تەمەڵ کردنی گەلی کورد لە گەلێکی بەرهەمهێنەوە گۆڕرا بۆ گەلێکی مشەخۆر .

٣- کلتووری داب و نەریت : کلتووری نەریت و داب چەندین ڕەگەز و توخمە کلتووری لە خۆ دەگرێت ، وەك پەروەردە و فێرکردن ، و داب و نەریت ، و ئایین ، و ئاکار (ئیخلاق) ، و یاسا ، و هونەر ، .... هتد ، لەبەر ئەوەی سنوری توێژینەوەی زانستی دیاریکراوە و ناتوانرێت هەریەك لەو ڕەگەزانە (توخم) بە درێژی و بە جیاجیا باس بکرێن ، ئەم توێژینەوەیە هەموو توخمەکان لە ژێر باسی ( داب و نەریت ) دا بە پێ ی زانیارییەکان کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون پێش ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ و دوای ڕێککەوتننامەکە دەخاتە ڕوو، تا ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم ئاماژەیان پێ دەدرێت و کورتە باسێکیان دەکات . یەکێك لە نەریتەکان کە لە کوردەواریدا پەیڕەو کرابێت دابێکیشی بۆ دانراوە و بەو دابە ئەو نەریتە لە یەکێکی تر جیاکراوەتەوە . وەك ووتراوە پیاوی نەتەوەی کورد بەوە ناسراوە (ئازایە ) بۆ ئازایەتی دابی خۆی هەیە ، دابەکەشی ئەوەیە ، پیاوی کورد لە شەڕدا پێ ی خۆشە لە پێشەوە بریندار بکرێت نەك لە پشتەوە لەبەر ئەوە هەوڵی هێرشکردن و بەرگری کردن دەدات نەك ڕاکردن ، هەروەها دابێکی تر بۆ ئازایەتی پیاوی کورد ئەوەیە لە کاتی مردنی خۆشەویستیدا ناگری و هاوارناکات و تەنها بە زمانی جەستە ناسۆرەکە پیشان دەدات ، کە چەند مردوەکە ئازاری داوە و پێ ی ناخۆش بووە ، هەروەها ووتراوە پیاوی کورد (بەهێزە ، خۆڕاگرە ، زیرەکە ، زۆربڵێ نیە ، دەست و دەم و داوێن پاکە ، خۆش باوەڕە ، دڵسافە ، خۆش مەشرەبە ، ئەسپ سوارە ، ڕاوچی باشە ، خاوەن بەزەیی یە، ڕێز لەبەرامبەرەکەی دەگرێت ، سەرشۆڕی قبوڵ ناکات ، کۆڵنەدەرە ، وەفادارە ، دوڕو نیە ، هەڵەشە نیە ، بە ناحەق تورە نابێت ، حەزی لەگەڕان و سەفەرو سیاحەتە ، ڕێز لە میوان دەگرێت ، حەزیان لە ئازادی و ئاشتی و سەربەخۆییە ، ڕێز لە گەورە دەگرێت ، ڕێز لە ئافرەت دەگرێت ، ڕێز لە هەمو بیروباوەڕو ئایینێك دەگرێ ، .....هتد ) ، بۆ هەریەك لەو سیفەتانەی پیاوی کورد جۆرە داب و نەریتێك پەیڕەو دەکرێت و نیشان دەدرێت ، بۆ نمونە (سیفەتی ڕێزلێنان ) کاتێك کە بچوك ڕێز لەگەورەی خۆی دەگرێت چەند نەریتێك پەیڕەو دەکات و چەند دابێك نیشان دەدات وەك لەبەری هەڵدەسێت ، و جێ ی خۆی بۆ چۆڵ دەکات ، و قسە لە قسەیا ناکات ، و ئەگەر بیەوێت لەگەڵ گەورەکەیدا قسە بکات چەند نیشانەیەکی زمانی جەستە دەنوێنێت وەك سوربونەوە ، و شڵە ژان،

و جۆرە دابێکی تر نیشان دەدات وەك چەمینەوە و سەرنەوی کردن ، وهەروەها بە هێمای تر و بە ووشە و ڕستەی جوان ڕێزگرتنەکەی بۆ گەورەکەی نیشان دەدات . لە ئازایەتی و ڕێزلێنان و بەهێزی و دڵپاکیدا کە پیاوی کورد پێ ی ناسراوە باسیل نکتن دەڵێت (( ئازایەتی پیاوی کورد ئەوەندە ڕەقە ، وەك ڕەقی بەردی شاخەکانیان وایە )) .[٥٢] بەشێکی زۆری مێژوونوسان باس لەوە دەکەن کە کوردەکان بە درێژایی مێژوو لە چیاکانی زاگرۆسدا ژیاون، ئازا و ڕێگر و جەردە و ...هتد بوون ، لە مێژوودا ئەو کوردانەی کە پێ یان ووتراوە (کاردۆخ ) یەکان و ڕێیان لە سوپا ١٠ هەزارییەکەی زەینەفۆنی یونانی گرتوە لە دەوروبەری کوردستانی باکوری ئێستادا.[٥٣] ئیتر لەوساکەوە نەریتی ڕێگریی و جەردەیی خراوەتە پاڵ گەلی کورد ، لای کورد خۆیشی دزی و جەردەیی و ڕێگریی و ڕوت کردنەوە ، لە سەردەمێکدا مەرجی پیاوەتی و ئازایەتی بووە .

بەڵام ئازایەتی (ژن) ی کورد لەوەدایە بۆ هەر سیفەتێکی ئازایەتی جۆرە داب و نەریتێکی نواندووە وەك ، ژنی کورد وەك پیاو ئیشی کردوە لە کێڵگەدا و کشتوکاڵی بەرهەمهێناوە و جاروباریش شان بە شانی پیاوەکانیان شەڕی دوژمنەکانیان کردووە ، بۆ ئەو سیفەتە ئازایەتیەی ژنی کورد جۆرێ لە داب و نەریتی پەیڕەو کردووە ، کە ئەویش ئەوەیە ، لە کاتی ئەو ئەرکانەدا شەڕواڵی پیاوانەی لە پێ کردووە و قژی سەری لول کردووە و قایم قایم بەستویە و داپیۆشیوە ، پشتوێنی بەستوە ، و پێڵاوێکی توندو تۆڵی لە پێ کردووە ، کاتێك ژنی کورد بەو دیمەنە وە بینراوە ئاماژە بوە بەوەی ئەرك و کارێکی گرانی ڕوبەڕو بوەتەوە ، بۆیە بۆ ئەو ئازایەتییەی کە هەیەتی ئەو داب و نەریتەی نیشانداوە ، هەروەها ئازایەتی (ژن)ی کورد لە زۆر بواری تردا دەرکەوتوە و یەکێك لە گەڕیدەکانی کوردستان بە ناوی (میجرنوئێل) لەو بارەوە دەڵێت (( ژنانی کورد گەلێ کارامە و ڕەوشت بەرزو سەنگینن ، هەرگیز لە هەڵسوکەوتیانەوە ترسنۆکی ژنانی ئەرمەنی و دەم هەراشی وپیسی ژنانی عوسمانی – تورکی ، بەدی ناکرێت ، ڕەوشتیان ئێجگار بەرزە و سوکترین هەڵە کە شەرەفی – ژیانی خێزانی – یان لەکەدار بکات سزاکەی کوشتنە و ئەمە بۆتە یاسایەکی خۆیان ، و ....هتد ، ئەم سزایە بەسەر هەردوولای تاوانەکەدا (چ ژن چ پیاو ) ئەنجام ئەدرێت )) [٥٤] هەروەها نوئێل دەڵێ (( ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئافرەتی کورد ، چارشێو و عەبایان نەپۆشیبو ، جگە لەوەش زۆر ئازا و سەربەست بون ، ئافرەتانی کورد بێ چەند و چون شەرمی مناقەشەیان لەگەڵ پیاوەکانی لای خۆیان دەکرد ، لەگەڵ ئێمەشدا هاوبەشی قسەو باسیان دەکرد ، ڕا و باری سەرنجی خۆیان بە شێوەیەکی ئازایانە و لە کات و شوێنی خۆیدا دەرئەبڕی و ...هتد )) .[٥٥] ژنی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هونەری ئازایەتی نواندوە و ڕۆڵ و پێگەی دیاریکراوی خۆی هەبووە ، لە ناو خێزاندا و لە ناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا . هەندیکیشیان لە دەرەوەی خێزاندا ڕۆڵیان بینیوە و سەرکردایەتی خێزان و بنەماڵە و تیرەو خێڵە کوردییەکانیان کردووە ، لەبەر ڕێزو پایەداری ژنی کورد هەندێ جار منداڵ بە ناوی دایکیانەوە بانگ کراوە و ناسراوە . پیاو و ژنی کورد پێش ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ بەو جۆرە باس کراوە و بۆ ئازایەتییەکەیان بەو جۆرە خراوەتەوە ڕوو .

بەلاّم دوای ئەوەی گەلی کورد بویە کەمینە لە دەوڵەتەکانی ئێران و عیراق و سوریا و تورکیا ، کلتووری فارس و عەرەب و تورك تێکەڵ بە کلتووری کورد کرا و هەموو داب و نەریت و سیفەتەکانی پیاو و ژنی کورد گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە ، بۆ نمونە ژنی کورد ئێستا لە شارو لە لادێ زۆرتر پشت بە پیاوەکانیان دەبەستن کە پێش ئەو ڕێککەوتننامەیە ژنی کورد پشتی بە خۆی بەستوە و بەڕێوەبەر و ڕێکخەری ماڵ ژن بوە .

جگە لەو نەریت و دابانە لە کلتووری کوریدا چەندین نەریتی تر هەن کە بۆ هەریەکەیان دابێك و ڕێوڕەسمێك پەیڕەو دەکرێت وەك داب و ڕێوڕەسمی بوك گواستنەوە و شایی و هەڵپەڕکێ ، و داب و ڕێوڕەسمی مردن و مردوو ناشتن و پرسە و سەرەخۆشی لێ کردن ، و داب و ڕێوڕەسمی لە دایکبونی منالّ و ناولێنانی و هەروەها داب و ڕێوڕەسمی دراوسێیەتی و خزمایەتی و جگە لەوانەش هەندێ داب و ڕێوڕەسم هەبوە وەکو داب و نەریتی منالّ ترساندن و ترس دەرکردنی ، ڕێوڕەسمی مانگگیران و ڕۆژگیران ، ڕێوڕەسمی بارانبارین ( بوکە بەبارانە ) ، نەریتی گسك دان و ئاو ڕشتن بە دوای میوان و خۆشەویستدا کە لە ماڵ چوەتە دەرەوە ، هەندێ جار بەرد فڕێدان بە دوایدا ئەگەر میوانەکە خۆشەویست نەبوبێت ، ئاگردان نەکوژاندنەوە و خانوو دروستکردن کە ڕوبەخۆر بێت و کانی و ئاو پیس نەکردن و لەسەر ڕێگاو ڕێڕەوە گشتییەکان کۆنەبونەوە و دانەنیشتن و سلاّو کردن و خواحافیزی کردن و ، ئەمانە هەر هەموویان مشتێکن لە خەرواری کلتووری داب و نەریتی کورد ، جگە لە داب و نەریتەکان کە تایبەتن بە هونەر و هەموو بەشەکانی هونەرەوە ، لە هونەری خانوبەرە دروستکردن و قاپ و قاچاغ دروستکردن و جلوبەرگ دروستکردن و ئەو کالاّیانەی کە بۆ لە پێ کردن و خەوتن بەکار هێنراون و ....هتد .[٥٦]

هەموو ئەو هونەر و دەست ڕەنگینی و دروستکراوانەی کە هەبون بۆ هەریەکەیان داب و نەریتێکی تایبەتی خۆی هەبوە پێش ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ . بەلاّم دوای ڕێککەوتننامەکە بەشی هەرە زۆری ئەو کلتووری داب و نەریتیە بەرەو لاوازی و کزی چون و هەندێکیشیان لەناو براون کلتووری کورد ڕوبەڕوی تەنگوچەڵەمە و لاواز بون بوەتەوە، بە تایبەتی لە هونەری جێگرتنەوەی کلتووری جلوبەرگ لەبەرکردن و کلتووری کەلوپەلی ناوماڵ و ڕێکخستنی ، هەروەها کلتووری خانوبەرە دروستکردن و هۆکانی گواستنەوە و ڕێگاوبان و کلتووری خواردن و خواردنەوە هەموویان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ، لەلایەکی ترەوە کلتووری بەرهەمهێنان و کشتوکالّ و ئاژەڵداری و کڕین و فرۆشتن و بازاڕ و ئالۆگۆڕ هەرهەموی ئەمانە ڕوبەڕوی گۆڕان بونەتەوە لە دوای پەیمانی سایکس – بیکۆ وە ، لە جێگای ئەواندا کلتووری تورك و فارس و عەرەب جێ ی گرتونەتەوە .

**دەرئەنجامەکان**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بە کۆمەڵە دەرئەنجامێکی زانستی دەگات ، کە بەشێکیان پەیوەستن بە ئامانج و هۆکارەکانی نوسینی توێژینەوەکەوە ، ئەم توێژینەوەیە بە کۆمەڵە دەرئەنجامێك گەیشتووە کە بریتین لە :

**یەکەم**

١- بە هۆی پەیمانی سایکس – بیکۆوە ، خاکی کوردستان دابەشکراوە و لە پەیمانی پاریس و لۆزاندا واژۆی ئەو دابەشکردنە کراوە و بوە بە چوار بەشی فەرمییەوە ، هەر بەشەی کەوتوەتە سەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتە دراوسێکانی کوردستان ، بەشە زۆرەکەی ، خراوەتە سەر دەوڵەتی تورکیا ، بەشێکی تری خراوەتە سەر دەوڵەتی ئێران ، و بەشێکی تری خراوەتە سەر دەوڵەتی سوریا ، و بەشێکی تریشی خراوەتە سەر دەوڵەتی عیراق ، و بەو بەشە خاکانەی کوردستان سنوری ڕامیاری ئەو دەوڵەتانە دەستنیشان کراوە و لەیەکتر جیاکراونەتەوە ، بە پێ ی یاسای خاوەندارییەتی و بەندەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ، ئەو بەشە خاکانە ئەوە ماوەی ١٠٠ ساڵە خاوەندارییەتیەکەی لە نەتەوەی کورد سەندراوەتەوە و بەخشراوە بەو دەوڵەتانە ، ئەو دەوڵەتانە بە پێ ی یاسا نێو دەوڵەتیەکان کراون بە خاوەنی ئەو بەشە خاکانەی خاکی کوردستان ، و خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی دەزانن و بەرگری لێ دەکەن و ئامادە نین دەست هەڵبگرن لە بستێکی . وە مافی ئەوەیان پێ دراوە ڕێگە نەدەن بە گەلی کورد کە جارێکی تر ببێتەوە بە خاوەنی خاکی خۆی ، بە هەموو شێوەیەك ڕوبەڕوویان دەبنەوە و هەموو جۆرە چەکێك بەرامبەریان بەکارهێنراوە لەلایەن ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەوە .

٢- بە هۆی پەیمانی سایکس – بیکۆ وە ، زمانی کوردی و کلتووری کوردی ، بە هەمان شێوەی خاکەکەی دابەشکراوە و لکێنراوە بە زمانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەوە ، لە تورکیا و ئێران و سوریا بەپێ ی بنەما دەستورییەکانی ئەو وولاتانە زمانی کوردی قەدەغە کراوە کە بەکار بهێنرێت لە خوێندنگا و فەرمانگە میرییەکاندا ، ڕێگری زۆریش کراوە کە لە قسەکردن و ئاخافتندا بەکار نەهێنرێت ، هەروەها هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ تواندنەوەی و لەناوبردنی . کاریگەری ئەو هەوڵانە ئەوەندە زۆر بووە ، ئێستا بە ئاسانی هەست دەکرێت کە زمانی کوردی باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باشوور جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ناو شێوەزارەکاندا لە ڕوی (ووشە و ڕستە و جۆری نوسین و فۆنەتیك)ەکەوە . هەروەها کلتووری فارسی و تورکی و عەرەبی تێکەڵ بوە و زاڵ بوە بەسەر کلتووری کوردیدا ، هەروەها کاری کردوەتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و ووشیاری خەڵك کە بە جۆرێك ڕەنگی داوەتەوە لە کاتی ئاخافتن و نوسیندا بە ئاشکرا دیارە کاریگەری و ڕۆشنبیری ئەو زمانانەی فارسی و تورکی و عەرەبی لە ناو ڕۆشنبیری و فەرهەنگی کوردیدا . ئەو ڕاستیەش لە ناو ئەو ئۆردوگایانە دەست دەکەوێت کە لە کوردستانی باشوور چەند ئۆردوگایەك کراوەتەوە بۆ ئاوارەکانی ، کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوا ، بە تایبەتی لە دەوروبەری شاری سلێمانیدا ، دوای پەیدابوونی (داعش ) و شەڕەکانی کوردەکانی باکور و حکومەتی تورکیا ئەو خەڵکانە ئۆردوگایان بۆ کراوەتەوە و جێگیر بوون .

دووەم

١- بە درێـژایی ئـەو سـەد سـاڵە کـورد بێباکانـە خـەباتی کـردوە و بزتنـەوەی چـەکداری ڕێکخسـتوە و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕیوە دژی حکومەتـە داگیرکـەرەکانی کوردسـتان و هـەرگیز ڕازی نـەبوە بـە بڕیـارە ستەمکارەکانی ڕێککەوتننامـەی سـایکس – بیکـۆ و پـاریس و لـۆزان . هەمیشـە هـەوڵی داوە ، سەرسـەختانە خەباتی کردووە و جەنگاوە لە پێناو مافە ڕەواکانی خۆیدا ، و لەو جێگایانەدا کە مەترسی زۆریان لەسەر بووە چالاکی سەربازی و پێشمەرگانەی دژی داگیرکـەران ئەنجام داوە ، لـە کوردسـتانی باکوور – تورکیا لـە شۆڕشـی ١٩٢٥ – ١٩٨٤ ی PKK خەبات بەردەوام بووە دژی داگیرکـەرانی تـورك ، هـەروەها لـە عیراق لـە شۆڕشـی شـێخ مـەحمود لـە کـاتی جـەنگی جیهـانی یەکـەم خـەبات و شـۆڕش بـەردەوام بـووە هـەتا ١٩٩١ دژی حـوکمڕان و فەرمانڕەوایانی عیراقی کە کوردستانیان داگیرکردووە ، لە دوای ١٩٩١ حکومـەتێکی خۆجێ یی لە کوردسـتانی باشوور دامەزراوە ئەوە ماوەی ٢٤ ساڵە حوکمڕانی ئەو بەشـەی کوردستان دەکات بە ناوی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان – عیراقەوە ، هەروەها لە ئێران لە شۆڕشی (جەنگەڵ و گـەیلان و کۆمـاری مهاباد تا ئێسـتا خـەباتیان بەردەوامە )، لە ڕۆژئاواش ئـەوە مـاوەی چـەند ساڵێکە کوردەکان لە کوردستانی سوریا خـەبات دەکـەن و چـەند (کانتۆن ) ێکی حکومڕانی خۆجێ ییان دروستکردوە و لە خەبات و تێکۆشاندا بەردەوامن . ئەو هەموو بزوتنەوە و خـەباتی چەکداری و ڕاپەڕینانـە ئـەو ڕاستیە دەسـەلمێنێت کـە کـورد ناڕازییـە بـە بەنـدەکانی ڕێککەوتننامـەی سایکس – بیکۆ و بڕیارەکانی کۆنگرەی پاریس و لۆزان ، وە خـۆی بـە خـاوەنی ڕاسـتەقینەی خـاکی کوردسـتان دەزانێت و هەرچـەندە لـە ئێسـتادا هیچ پاڵپشـتێکی یاسایی نێـو دەوڵـەتی بـە دەسـتەوە نیـە کـە خاوەندارییـەتی کـورد بەسـەر خـاکی کوردسـتاندا بسـەلمێنێت ، لـە نـاو ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتوەکانـدا . بـەڵام بـەردەوام بـە ئاشکرا و بە نهێنی ڕێکخەرانی پەیمانی سایکس – بیکۆ ، بە نەخشەی وورد و بە پلانی تۆکمە ، ڕێگری دەکـەن لـە خـەباتی کـورد و جوڵانـەوە ڕزگـاری خوازەکـانی ، تێکۆشـاون بـۆ جـێ بـە جـێ کـردنی بنـەماکان و بڕیارەکـانی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ ، لە ڕێ ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە .

٢- ماوەی ئـەو سـەد ساڵەی کـە تێپـەڕیوە ، ئـەو وواڵتانـەی کـە پـەیمانی سـایکس – بیکـۆ یـان مـۆر کـرد و ڕەنگڕێژەر و جێبەجێکەری بون بە (سۆڤیەت ) یشەوە ، هەر کاتێك جوڵانەوەیـەکی ڕزگـاریخوازی لـە پارچـەیەکی خـاکی کوردسـتان سـەری هەڵـدابێت ، لـە لایەکـەوە پشـتگیری و پشـتیوانیەکی کـاتی لێ کـراوە ، کـە ئـەویش بـۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بووە ، کە وەك کارتێك جوڵانەوەکەی کوردیان بەکار هێناوە دژی لاکـەی تـر . لـە سـتراتیژدا نەخشـە و پلانـی ووردیـان داڕشـتوە بـۆ لـەناوبردنی دوای دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان . بۆ نموونە جوڵانـەوەی ئـەیلولی ١٩٦١ ی کوردستانی باشـوور ، لـە لایـەن بەشـێك لـەو وواڵتانەوە هاوکاری دەکرا و پشتیوانی دەکرا و هاندەدرا تا ئـەو کاتـەی بەرژەوەندییـەکانیان دەسـتەبەر کـراون ، دوای ئەوە پشتیان تێکردوە و نەخشەیان بۆ داڕشتوە و لەناویان بردووە .

ئەو جولانەوەیە لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران و وولاتە ئیمپریالیستیەکانەوە بۆ ماوەیەك پشتیوانی کرا و جولانەوەکە چالاك و بەهێز کرا دژی حکومەتی عیراق کە هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو . دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی هەردوو جەمسەرەکە بلۆکی ئیشتراکی و سەرمایەداری هەندێك پێشکەوتنیان لە کەناڵە دبلۆماسیەکاندا بەدەستهێنا ، ئیتر بلۆکی سەرمایەداری کەوتە پلان دانان و نەخشە داڕشتن بۆ لاوازکردنی جولانەوەکە ، و تا لە کۆتاییدا جولانەوەکە هەرەسی هێنا . ئەوەش بە پێ ی بەندەکان و بنەماکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بوە ، کە بەپێ ی ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ خاکی کوردستان دابەشکراوە و خاوەندارییەتیەکەی لە دەستی کورد دەرچوە و دراوە بە تورك و عەرەب و فارس . ئیتر دوای ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر کران ڕێیان نەدا جولانەوەکەی ئەیلول لەوە زیاتر درێژە بکێشێ و بەرفراوان ببێت.

بە پێ ی بەرژەوەندییەکانی وولاتانی سەرمایەداری و ئیسرائیل و تورکیا لەم چارەکەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا وای پێویست دەکرد ، کە هێزێك دروست بکەن لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بۆ ڕووبەڕوبونەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی – ئایینزای شیعە ، کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەوڵدەدرێت سنورەکەی بەرفراوان بکرێت و عیراق و سوریا بگرێتەوە ، ئەوەش دەبێتە مەترسییەك بۆ سەر ئیسرائیل کە هاوپەیمانی وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئیمپریالیستی جیهانییە ، هەوڵەکەیان بەو ئەنجامە گەیشت (داعش – دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام ) دروست بکەن و چەکداری بکەن و وەك هێزێکی (ئیسلامی ئایینزا–سوننە) لە سنوری هەردوو دەوڵەتی عیراق و سوریادا دروست بکرێت بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان . لەو کاتەدا لە عیراقدا (نوری مالیکی ) سەرەك وەزیرانی عیراق بوو لەگەڵ خواستی ئەوروپاییەکان و ئەمریکا و ئیسرائیل و تورکیادا نەدەگونجا ، هەروەها ڕووبەڕوی حکومەتە خۆجێیەکەی کوردستانی باشووریش بو بویەوە ، هەروەها هێزە ئێرانیەکان هاتبونە ناوعیراق و سوریاوە و سەرەك وەزیرانی عیراقیش لایەنگری ڕژێمی ئێران بوو خۆیشی عەرەبێکی شیعە بوو، ئەوە وای کرد کە هێزەکانی هاوپەیمانان پشتیوانی لە (پێشمەرگە ) بکەن کە هێزێکی چەکداری حیزبی ، دوو حیزبی سەرەکییە (هێزەکانی ٧٠ سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، هێزەکانی ٨٠ سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن ) بکەن ، ئەم پشتیوانی کردنە لە هێزی پێشمەرگە لە لایەکەوە دژی (داعش )، و لەلایەکی ترەوە (داعش ) کە دروستکراوی ئیسرائیل و ئەمریکاو ئەوروپایە ، کۆمەڵێك گۆڕانکاری نوێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دروست دەبن . ئەو گۆڕانکاریانە لە پاشەڕۆژدا هەر هەموویان لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکادا دەبن ، ئێستا پشتیوانییەکی کاتی لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکرێت لە لایەن هاوپەیمانانەوە .

لە هەمان کاتدا تورکیا کە دوژمنی سەرسەختی کوردە هاوپەیمانی ئەمریکایە ، ئەمریکا پشتیوانی لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکات ، کوردستانیش ئێستا بازاڕی ساغکردنەوەیکەلوپەلەکانی تورکیا یە هەروەها نەوت و غازی حکومەتە خۆجێیەکەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای تورکیاوە دەنێرێتە دەرەوە بەپێ ی ئەو

ڕێکەوتنامەیەی نێوانیان بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لەگەڵ حکومەتی هەرێم مۆریان کردووە، بەو پێ یە مەکینەی جەنگی دوو دەوڵەتی گەورەی وەك ئەمریکا و تورکیا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ وەك گرێبەستێکی سەرەتایی بە نەوت و غازی کوردستان دەجوڵێت .ئەم پشتگیری و پشتیوانییە کاتییە لە هێزی پێشمەرگە بە پێ ی مەبەستەکان و مەرامەکانی تورکیا و بەشێك لە وولاتە ئەوروپاییەکان و ڕوداوەکانی مێژوو ، دەبێت کاتی بن ، و بۆ ماوەیەك بن ، چونکە بنەماکانی ڕێککەوتننامەی سایکس- بیکۆ و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بە پێ ی ڕێککەوتننامەی لۆزان ، هەر هەموویان ڕێگرن لەبەردەم پاشەڕۆژی کورددا کە بکرێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، هەرچەندە وەك تاکتیك لە ئێستادا لایەنێکی کوردی ڕازی کراوە بەرامبەر بە هاوکارییەکانیان دوای شەڕی (داعش ) کورد لە عێراق جیادەکەنەوە و دەیکەنە دەوڵەت . بەڵام بەرژەوەندیەکانی تورکیا و وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ سەربەخۆ بونی هەرێمی کوردستانی عیراقدا نین وەك ستراتیژ ، بۆیە هەمیشە ئەمریکا دوپاتی ئەوە ئەکاتەوە کە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق لە بەرژەوەندی گەلانی عیراقدایە بە کوردیشەوە ، کەواتە تا ئێستا لە سیاسەتی ئەمریکییدا ، ڕێگا نادرێت بە سەربەخۆبونی کوردستان .

سێ یەم

کلتووری کورد مادی و مەعنەوی لەبەردەم هەڕەشەی مەترسیداردایە ، لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و زلهێزەکانی جیهانەوە . بەشە مادییەکەی کلتووری کورد ، بە تایبەتی بەرهەمهێنان و پیشەسازی کردن و پیشە دەستییەکان و هونەری خانوو بەرە دروستکردن و ئاودێری و کشتوکاڵ و بازرگانی و ...هتد ، هەر هەموویان بەر هێرشێکی لەناوبردن و پوکانەوە بونەتەوە ، نەك تەنها لاوازبوون ، بەڵکو بازاڕی پارچەکانی کوردستان داگیرکراوە و کراوەتە بازاڕی ساغکردنەوەی کەلوپەلی وولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان ، ئاڵوگۆڕو بازرگانی کوردستان قۆرخ کراوە بۆ فرۆشتنی کالاًی بێگانە، بە جۆرێك بە دەگمەن کەلوپەل و کالاًیەکی خۆماڵی کوردی دەبینرێت لە هەموو بازاڕەکانی بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا . هەرهەمووی لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ وە ئەو بارە نالەبارە ڕوی لە کوردستان کردووە . کە کلتوورە ئابورییەکەی و هەروەها کلتوورە مادییەکەی بەو جۆرە ڕوبەڕوی لاوازی لەناوبردن بوەتەوە .

هەروەها لە سایەی بالاًدەستی کلتووری وولاتە داگیرکەرەکان و بە پێ ی بنەمای کەمینە و زۆرینەی کلتوور ، و هەروەها بالاًدەستی و ژێردەستەیی کلتوور ، کلتووری مەعنەوی گەلی کورد بە هەموو پێکهاتەکانیەوە ( توخم و ڕەگەز ) ە کەلتوورییەکانی کورد ڕوبەڕوی گۆڕانێکی بەرفراوان و مەترسیدار بوەتەوە ، ئەوەندەی نەماوە کلتووری مەعنەوی کورد بتوێنرێتەوە لە بۆتەی کلتووری دراوسێکانیدا ، بە تایبەتی هونەر بە هەموو شێوەکانییەوە ، دابونەریتی کوردەواری ، پەروەردە و فێرکردن و ئاکار – ئیخلاق و ....هتد . ئەو هەموو گۆڕانکارییانە لە سایەی ڕێککەوتننامەکەی سایکس – بیکۆ وە ڕوبەڕوی کلتووری کورد بونەتەوە . ئەو توخمە کلتوورییەی گەلی کورد کە پەیمانی سایکس – بیکۆ لاوازی نەکردوە و لەناوی نەبردوە بەڵکو بەهێزبوە و بەرفراوان بوە توخمە کلتووری ( تالاًن و دزی ) یە .

مێـژوونوس و گەڕیـدە و ڕۆژهەڵاتناسـەکان و مژدەبـەرەکان و میسـیۆنێرە ئەوروپاییـەکان و هەنـدێك لـە بازرگانـان ، و هـەوەها دوژمنـەکانی گـەلی کـورد باسیان لـەوە کـردووە کـە یـەکێك لـە خەسـڵەتەکانی گـەلی کـورد ( ڕێگری و تالاًن کردن و دزی ) یە !!! . لە ساڵی ٤٠١ پ . ز لە گەڕانەوەی سوپا یونانیەکەوە ، کە ناسراوە بە سوپای ١٠ هەزار کەسییەکە . کە بە خاکی کوردستاندا تێپەڕیوە ، لە لایەن کاردۆخییەکانەوە ڕێیان لێگیراوە و پەلامار دراون و بەشێکی ڕوتکراوەتـەوە ، کـە سنوری کوردسـتانی بـاکووری ئێسـتا دەکـات . ئیتر لـەو کاتـەوە کوردەکان بەو کلتوورە خراپە ناوزەند کراون و کراوەتە خەسڵەتێك بۆیـان . کوردەکـان لەشیان بـەهێزە و ئـازان و شەڕکەرن و ڕێگرن و جەردە و چەتە و دزن !!!

ئەو خەسڵەتانە کە نراون بە کورد و کلتووری کوردەوە جێ ی باوەڕ نەبون و گەلی کورد بە کۆمەڵێك خەسڵەتی باش و مرۆڤانەوە ناسراوە ، لەوە دەچێت لە دوای ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ وە هەوڵدرابێت کورد تێوە گلێنن لەو خەسڵەتە ناشیرینەوە ، و بۆ ناوزڕاندنی و لەبەرچاو خستنی لە ناو گەلاندا ، جا بۆ مەبەستی سیاسـی بوبێـت ، یـا بـۆ ئـەوە بوبێـت کـە لـە ڕێ ی بـەهێزبونی ئـەو خەسـڵەتەوە لـەناو گـەلی کورددا ، بـە ئاسـانی بتـوانن بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر بکەن . بەڵام بە داخەوە لەم چارەکی یەکـەمی سـەدەی بیسـت و یەکەمـەدا ، لـە نـاو ئـەو حکومەتـە خـۆجێ ییـەی کوردسـتانی باشـووردا، ئـەو خەسـڵەتە ناشـیرینە سـەلمێنرا کـە کـورد ڕاسـتە ئـەو خەسڵەتە ، یەکێکە لە توخمە کلتوورییەکانی بە درێژایی مێژوو فرێ ی نەداوە ، ئێستا زیاتر تەشەنەی کردوە و بـەرفراوان بوە و ناوەکـەی گـۆڕراوە بـە زاراوەیـەکی سـەردەمیانە کـە ئـەویش ( گەنـدەڵی و دزی) یـە ، هـەروەك لـە ڕۆژانی ٢٧، ٢٨ ، ٢٩ /١ / ٢٠١٦ کە لـە هـەردوو کـەناڵی ئاسـمانی کـوردی KNN و NRT لەسـەر زاری باڵیوزی پێشووی ئەمریکا لـە عیراق (کریستۆفەر هێڵ ) هـەواڵی دزینـی ٨٠ ملیـار دۆلار بڵاوکرایـەوە کـە چـەند بەرپرسێکی کورد دزیویانە ولە بانکەکانی ئەوروپادا حەشاریان داوە !!! هەروەها لـە هـەمان ئـەو کەناڵـەوە و لـە هەمان ڕۆژدا ، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان ( د.بەرهـەم صـالح) هەواڵەکـەی پشتڕاست کردەوە و داوای کرد کە لە یەکێك لە دادگاکانی نێودەوڵەتیدا سکالاً تۆمار بکرێت و ئەو کەیسـە یـەکلا بکرێتەوەو ئەو پارانە بگەڕێنرێنەوە بۆ گەلی کورد . هەر ئەو ڕاستیەش لە لایەن پەرلەمانی عیراق و لەسـەر داوای سەرەك وەزیرانی عیراق ( د. حەیدەرعەبادی ) یەوە لیژنەی دەستپاکی ڕاسپێردرا کە بە دواداچون بکەن بۆ ئەو هەواڵە . هـەروەها لـە لایـەن پەرلـەمانی کوردسـتانەوە ( د. شـێرکۆ جـەودەت ) هەواڵەکـەی پشـتڕاسـت کـردەوە ، و کۆك بوو لەسەرئەوەی لیژنەی بەدواداچونی بۆ پێك بهێنرێت .

ئـەو هەواڵـە کـە لـە هـەموو ئاژانسـەکاندا دەنگـی دایـەوە بەسـەر سـوڕمانەوە بـاس دەکـرا ، وە لـە نـاو خـەڵکی کوردستانی باشوور دەنگی ناڕزایی بەرز بوەوە و کە لەم کاتی قەیرانی دارایـی و نەبونییـەی کوردسـتاندا ، چـۆن ئەو بڕە پارەیە دزراوە و کوردستان تـالاًن کـراوە و ئـەو پارەیـە نێردراوەتـە دەرەوەی خـاکی کوردسـتان و بـەناوی چـەند کۆمپانیایـەکی حیزبـی و چـەن بەرپرسـێکی حیزبـی و حکومییـەوە خراوەتـە بانکـەکانی ئـەوروپا ، دەنگـی خۆپیشاندان و ناڕەزایی و ڕژانە سەر شەقام بڵاوبوەوە . بـەڵام ئـەوەی جـێ ی سـەرنجە لـە لایـەن دەسـەڵاتداران و

فەرمانڕەوایانی حکومەتە خۆجیٚ ییەکەی کوردستان کە لەم کاتەدا (نێچیرەڤان بەرزانی سەرۆکی حکومەتە و قوباد تاڵەبانی جێگریەتی ) هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو و نە هەواڵەکەیان پشتڕاست کردەوە ، نە هەواڵەکەشیان بە درۆخستەوە .

ئەو (گەندەڵی و دزی ) یە ، کە لە هەموو لایەکەوە باسکرا ، دوورنیە کە ڕاست بێت و یەکێك بێت لە خەسڵەتەکانی کلتووری گەلی کورد . بەلاّم بۆچی ئەو خەسڵەتە لاواز نەبووە ؟ بەڵکو گەشەی سەندووە و بەهێز بووە ، لە وەلاّمی ئەو پرسیارەدا بە بیٚ هیچ دودڵییەك ئەم توێژینەوەیە ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو کە ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ بەرپرسیارە و یەکەم هۆکار و پاڵنەرە ، کە ئەو خەسڵەتە بەو جۆرە بەهێز ببێت ، چونکە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگرن لەوەی کە خاکی کوردستان و گەلی کورد یەکبگرێتەوە و سەربەخۆ و ئازاد ببێت و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کوردیدا بناسرێت. ئەوە ماوەی ٢٤ ساڵە حکومەتە خۆجیٚ یەکەی کوردستانی باشوور دامەزراوە ، بەلاّم بە فەرمی ناناسرێت، بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە بونەتە ڕێگر ، هەر ئەوەشە کاری کردوەتە سەر ئەوەی کۆمپانیا حیزبییەکان و کاربەدەستە بالاّکانی حکومەتە خۆجیٚ ییەکە نائومید بن و خۆیان بە خاوەنی کوردستان نەزانن و سەرمایە و پارەکانیان لە کوردستان نەخەنە گەڕ و ڕەوانەی بانکەکانی ئەوروپای بکەن .

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی کۆتایی دێت بە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێك ، بۆ ئەو لایەنانەی کە توێژینەوەکەیان مەبەستە ، ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانە ڕێنیشاندەرن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە بە شێوەیەکی زانستی ، ئەم توێژینەوەیە بە چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك کۆتایی دێت کە بریتین لە :

١- دەسەلاّتدارانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق ، ڕۆژانە لەسەر شاشەی تەلەفزیونەکانیان، لە زۆربەی زۆری کەناڵەکانەوە دەڵێن (( ئێمە ، هێزی پێشمەرگە ، لە جیاتی عالەم وعیراق شەڕی تیرۆر و داعش دەکەین )) . ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات بۆ هەموو دەسەلاّتداران بەو دەستەواژەیەدا بچنەوە ، چونکە لە ڕوی زانستییەوە هەڵەیە ، لە دوای جەنگی داعش هەڵەکەی دەردەکەوێت . چونکە لە مێژوودا ، دەستەواژەی زۆری لەو جۆرە بەکارهاتوون بەرامبەر بە بزوتنەوە و جولاّنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ، وەك تاکتیك لە لایەن داگیرکەرانەوە، کوردیان پیٚ هەڵخەڵەتاندووە ، پاشان دەستەواژەکەیان هەڵگێڕاوەتەوە بە بارێکی تردا و بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان گونجاندویانە ، و پێیان ووتون ئێوە لە جیاتی ئێمە جەنگتان کردووە واتا ( کریٚ گرتەن – بە کریٚ گیراون ) ئەگەر وانیە بۆ چی بۆخۆتان و بەناوی خۆتانەوە شەڕتان نەکردووە !!!

ئێستاش هەمان قسە و باس و ڕاو بۆچون لەلایەن هاوپەیمانان و حکومەتی عیراقەوە دەردەبڕن ، و دەسەلاّتدارانی کوردی باشوور بە بیٚ بیرکردنەوە و وورد بونەوە ، قسەکانی ئەوان دەکەنەوە و لەوەش خراپتر

شانازی پێوە دەکەن کە لە جیاتی ئەوان دەجەنگن !! ئەی ئەوە نیە بە پێ ی یاسای تیرۆر هێزە کوردییەکان لای ئەمریکا و تورکیا و هاوپەیمانەکانیان ، لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا ( PKK ، ی.ن.ك ، پ.د.ك ، حیزبە کوردیەکانی ڕۆژئاوا ) ی لە لیستی تیرۆرستاندا ئەژمار کراون !! ئەی ئێستا چۆن و بە چ پێوەرێك و یاسایەك ، پێشمەرگەی کوردستان کە سەر بەو تیرۆرستانەن !! کەچی دەڵێن پێشمەرگە لە جیاتی ئەوان شەڕی داعش دەکات !! بێ سێ و دوو دوای شەڕ دەڵێن : بە کرێمان گرتوون ، ئەی ئەوە نییە بە چەك و تەقەمەنی و پارە و ئازوقە و جلوبەرگ و مەشقی ئێمە شەڕتان کردووە . ئەگەر وانیە فەرموون بزانن چیتان ووتوە ، لە کاتی شەڕەکاندا ، ڕێك قسەکانی بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەناڵەکانی خۆیان بۆیان دەخەنە ڕوو دەیسەلمێنن کە ،پێشمەرگە لە جیاتی ئەوان شەڕی کردووە ، واتا بۆ بەرگری کردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و خاکی کوردستان و گەلی کورد شەڕیان نەکردووە و خوێنیان نەڕشتووە ، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی ئەوان شەڕی داعشیان کردووە .

پێشنیار دەکرێت لە جیاتی ئەو دەستەواژەیەی پێشەوە ، ئەم دەستەواژەیە بەکار بهێنرێت (هێزەکانی پێشمەرگە پارێزگاری لە خاکی کوردستان و گەلی کورد دەکەن بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان، شان بە شانی هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزە عیراقییەکان لەگەڵ تیرۆرستان و داعش شەڕ دەکەن ) .

٢- ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات بۆ دڵسۆزان و خەمخۆرانی کوردستان و گەلی کورد ، هەوڵ بدەن کلتووری کورد ببوژێننەوە و ئەوەی کە ماوە ڕزگاری بکەن لە فەوتاندن ، چونکە کلتوور ناسنامەی گەل و نەتەوەیە ، هەر گەل و نەتەوەیەك کلتووری خۆی نەبێت ، مافی داواکردنی ئازادی و سەربەستی وسەربەخۆییشی نابێت .

٣- ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات هەموو کەس و خێزان و بنەماڵە و تیرە و خێڵ و تا دەگاتە گەڕك و گوند و شار ئەوەندەی پێیان دەکرێت مێژووی کورد بخوێننەوە و تا بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان داگیرکەران و ناپاکانی گەلی کورد و ئەو کەسانەی کە دڵسۆزی گەل و خاکن و پارێزگارییان لێ دەکەن .

٤- پێشنیارێك بۆ بزوتنەوە چەکدارییەکان و ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان ، کە هەرگیز دەست لە خەباتی چەکداری هەڵنەگرن و سارد نەبنەوە و هەڵنەخەڵەتێن بە بەڵێن و فرت و فێڵ و قسەی بریقەداری داگیرکەران و ناپاکان ، تا دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان سوپا و پۆلیس و چەکداریان هەبێت ، پێویستە لە بەرامبەریاندا کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بزوتنەوە چەکدارییەکان پێشمەرگەیان هەبێت بۆ بەرگری کردن و پاراستنیان لە دەست درێژی دوژمنان و داگیرکەران .

٥- ئەم توێژینەوەیە داوا دەکات و ڕاسپاردەی هەیە ، بۆ ئەو هێز و ڕێکخراوە سیاسییانەی کوردستان ، کە پەلکێشی سوپای دوژمنانی گەلی کورد دەکەن بۆ سەر حکومەتە خۆجێ ییەکەی هەرێمی کوردستان ، هەروەها بۆ ئەوانەیان کە ئەو پەیوەندییە نهێنیانەی ، کە هەیانە و زیان بە حکومەتەکەی گەلی کورد دەگەیەنن ، بە خۆیاندا بچنەوە و پاشگەز و پەشیمان ببنەوە لەو هەڵوێستانەیان . چونکە مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات لە

پاشەڕۆژدا ، هەر هیچ نەبێت سزای ناپاکی و خیانەتکاری دەدات بەسەر ئەو کەس و لایەنانەدا ، کە ئەو خزمەتەیان کردوە بە داگیرکەران و دوژمنانی گەلی کورد ، جا بە ئەنقەست بوبێت ، یا بە نەزانین .

٦- پێشنیار دەکەم بۆ لێپرسراوان و بەرپرسان و دڵسۆزانی گەلی کورد ، تێ بکۆشن و هەوڵ بدەن بە هەر شێوەیەك بێت ڕێککەوتننامەی سایکس – بیکۆ هەڵبوەشێنرێتەوە و بەندەکانی پوچەڵ بکرێتەوە ، بە بێ ئەوە کورد چەندین ئەوەندەی تر خوێن ببەخشێت هەرگیز نابێتە دەوڵەتی سەربەخۆ . بۆیە پێویستە ئەوە بکرێتە ئەرکی پێشینەی خەبات و تێکۆشان .

٧- دوایین پێشنیار ئەوەیە پێویستە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان و چالاکییە مەدەنییەکان و بزوتنەوە چەکدارییەکانی گەلی کورد ، لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان ، هەڵوێستێکی جدییان هەبێت لەسەر پێکهێنانی جۆرێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەنگاربونەوەی ناحەزان و داگیرکەرانی گەل و خاکی کوردستان ، هەروەها نەخشە ڕێگایەکی ستراتیژی تۆکمە بگرنە بەر ، بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ هێز و دەوڵەتە دیموکرات و ماف پەروەرەکانی جیهان و دەوروبەر ، لەسەر بنەمای هاوسەنگ بوون و بەرژەوەندی هاوبەش پەیوەندییەکان ڕێك بخرێن .

**سەرچاوەکان**


١- أحمد بدر ، أصول البحث العلمي ومناهجه ، الكويت ، ١٩٨٢ ، ص ٨٥ .

٢- سابیر بۆکانی ، میتۆدی توێژینەوەی زانستی ، خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ٦١ .

٣- عبدالباسط محمد الحسن ، أصول البحث الأجتماعي ، قاهرة ، مكتبة الأنجلو المصرية ، ١٩٧١ ، ص ١٤٢-١٤٣ .

٤- جمال رشيد أحمد و فوزي رشيد ، تأريخ الكرد القديم ، بدون مطبعة وسنة الطبع ، ص٥٣ ، ١٣٥ .

٥- أ.م.مینتیشاشفیلی ، کورد ، و.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، ل١١ .

٦- عەزیز شەمزینی ، جوڵانەوەی ڕزگاری ی نیشتمانی ی کوردستان ، و . فەرید ئەسەسەرد ، چاپی سێیەم ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان ، ١٩٩٨ ، ل ٧٤-٧٥ .

٧- ديفيد انغليز – جون هيوسون ، مدخل الى سوسيولوجيا الثقافة ، ترجمة : لما نصير ، بيروت – المركز العربي للنشر ، ٢٠١٣ ، ص ١٦ .

٨- دولي حوس ، مفهوم الثقافة في العلوم الأجتماعية ، ترجمة : قاسم المقداد ، منشورات اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ٢٠٠٢ ، ص ٢٢ .

٩- داريوش ئاشوری ، كەلتور چەمك و پێناسەكان ، و . كۆسار فەتاحی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ئەلەند، بە بێ ساڵی چاپ ، ل ٥٠ .

١٠- سەمیر ئیبراهیم حەسەن ، كولتوور و كۆمەڵگە ، و . عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی – كركوك ، ٢٠١١ ، ل ١٥ .

١١- عبدالرحمن شرفكندی (هەژار ) ، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ كوردی فارسی ) ، تهران ، سروش ، ١٣٨١ ئێرانی ، ل ٦٢٩ .

١٢- محمەمەد ئەمین زەكی ، خۆلاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان ، بەرگی یەكەم و دووەم ، سلێمانی، سەردەم ، ٢٠٠٠، ل ٤٩–٥٠ .

١٣- واسیلی نیكیتین ، كورد و كوردستان ، و . خالدی حسامی (هێدی ) ، هەولیر ، زانكۆی سەلاحەدین ، ١٩٩٨ ، ل ١١١ .

١٤- ڕەسول هاوار ، كورد و باكوری كوردستان لە سەرەتای مێژوە وە هەتا شەڕی دوهەمی جیهان ، بەرگی یەكەم ، سلێمانی – چاپخانەی خاك ، ٢٠٠٠ ، ل ٢٧–٤٥ .

١٥- یاسین صابر صالح ، ئینسایكلۆپیدیای گشتی ، بەرگی سێیەم ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٩ ، ل ٨٤–٨٥ .

١٦- فاضل حسین و كاظم هاشم نعمة ، التاریخ الاوروبي الحدیث ، وزارة التعلیم العالي والبحث العلمي ، ١٩٨٢ ، ص ١٧٦ .

١٧- فاضل حسین وكاظم هاشم نعمة ، المصدر نفسه ، ص ١٧٧–١٩٢ .

١٨- كەمال مەزهەر ئەحمەد ، كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهاندا ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد – بەغداد ، ١٩٧٥ ، ل١ .

١٩- یاسین صابر صالح ، ئینسایكلۆپیدیای گشتی ، بەرگی دووەم ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٩ ، ل ٣٢ .

٢٠- عەبدوڵڵا غەفور ، جوگرافیای كوردستان ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٠ ، ل١٥.

٢١- كەمال مەزهەر ئەحمەد ، كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهاانیدا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧–٨ .

٢٢- فرانز فون یابن ، مذكرات ، ترجمة : فاروق الحریری ، ج ١ ، بغداد ، المكتبة الوطنیة، ١٩٨٥ ، ص ٦٣ .

٢٣- فیروز حسن حمه عزیز ، الأهمیة الجیوستراتیجیة لكردستان الجنوبیة وتأثیرها على السیاسة البریطانیة ، مركز كردستان لدراسات الأستراتیجیة ، ٢٠٠٨ ، ص ١١٠–١١٦.

٢٤- كەمال مەزهەر ئەحمەد ، كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهانیدا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١ .

٢٥- كەمال مەزهەر ئەحمەد ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤ .

٢٦- محەمەد ئەمین زەکی ، خۆلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧٨ .

٢٧- فاضل رسول ، كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط ، ترجمة : غسان نعسان ، السليمانية – الفكر والوعي ، ٢٠٠٨ ، ص ١٢٣-١٥٢ .

٢٨- کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەرگی دووەم ، هەولێر – موکریان ، ٢٠٠١ ، ل ١٣ .

٢٩- عەلائەدین سەجادی ، مێژووی ڕاپەڕینی کورد ، انتشاراتی سەقز (محمدی ) ، ١٩٩٦ ، ل٥٤-٥٥ .

٣٠- کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، چاپخانەی الادیب البغدادیه ، ١٩٨٥ ، ل ١١٦-١١٨ .

٣١- عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣ ، ل ٤٩ . هەروەها – حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ئیستراتیجی دەوڵەتان ، بەرگی یەکەم ، هەولێر – وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ٢٠٠٠ ،ل ٢١٦ .

٣٢- لازاریف ، کێشەی کورد ، و . کاوس قەفتان ، بەرگی یەکەم ، بغداد – جاحڤ ، ١٩٨٩ ، ل٣٠٤ .

٣٣- کەمال مەزهەر ، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٣ .

٣٤- أحمد زكي بدوي ، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية ، بيروت – مكتبة لبنان ، ١٩٨٢، ص ٢٧٨ .

٣٥- ولید حمدی ، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا ، و. موحەمەد نوری توفیق ، سلێمانی – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ١٩٩٩ ، ل ١١-٢٦ .

٣٦- احسان محمد الحسن ، موسوعه علم الاجتماع ، بيروت – لبنان ، دار العربيه للموسوعات ، ١٩٩٩ ، ص ٥٥٣ .

٣٧- ر.م. ماكيفر وشالز هـ . بيدج ، المجتمع ، ترجمة : علي أحمد عيسى ، ج ١ ، المكتبة النهضة المصرية ، ١٩٧٤ ، ص ٢٣ .

٣٨- ئی .یم . دیاکونوف ، میدیا ، و. برهان قانع ، عێراق – وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر ، ١٩٧٨ ، ل٥٦٧-٥٧٨ .

٣٩- مەلاجمیل ڕۆژبەیانی کردویە بە کوردی ، وڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق ، سلێمانی – وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ١٩٩٧ ، ل ١٥-٤٢ .

٤٠- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا ، سلێمانی – چاپەمەنی خاك ، ١٩٩٨ ، ل ٤٢، ٧٦، ١٦٤ .

٤١- مارتین فان برونەسن ، ئاغا و شێخ و دەوڵەت ، و. کوردۆ ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ١٩٩٩ ، ل ٢٠٠-٢٠٢ .

٤٢- حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ئیستراتیجی دەوڵەتان ، بەرگی یەکەم ، هەولێر– وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ٢٠٠٠ ، ل ١٥ .

٤٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ، سلێمانی – چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ،١٩٩٧ ، ل ٢٥٩-٢٦٣ .

٤٤- فوئاد حەمە خورشید ، زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی ، بغداد – افاق عربیە، ١٩٨٥ ، ل ١٩ .

٤٥- فوئاد حەمە خورشید ، هەمان سەرچاوە ، ل٣٦ .

٤٦- دولي حوس ، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية ، المصدر السابق ، ص ٨٠ .

٤٧- عبدالرقيب يوسف ، حدود كردستان الجنوبية تأريخيا وجغرافيا ، السليمانية – مطبعة شفان ، ٢٠٠٥ ، ص ١٨ .

٤٨- عبدالرقيب يوسف ، المصدر نفسه ، ص ٢٠-٥٣ .

٤٩- کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣٢-٢٤٠ .

٥٠- جمال رشید احمد ، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری ، بغداد – وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ١٩٨٨ ، ل ٣٣١-٣٥٤ .

٥١- سي.جي.ادموندز ،كورد و تورك وعرب ، ترجمة : جرجيس فتح الله ، العراق – وزارة داخلية ، بدون سنة الطبع ، ص ١٥٥ .

٥٢- بدرخان السندي ، المجتمع الكردي في المنظورالأستشراقي ، أربيل – مطبعة وزارة التربية ، ٢٠٠٢ ، ص ٢٧ .

٥٣- محەمەد مەردۆخی کوردستانی ، کورد و کوردستان ، و. عەبدول کەریم محمەد سعید ، بغداد – مگبعە أسعد ، ١٩٩١ ، ل ١٢٤ .

٥٤- مەیجەر نوئێل ، یاداشت ، و. حسین أحمد جاف و حسین عثمان نیرگسە جاری ، بغداد– المكتبة الوطنية ، ١٩٨٤ ، ل ٤٠ .

٥٥- مەیجەر نوئێل ، هەمان سەرچاوە ، ل ٢١ .

٥٦- فائزة محمد عزت ، الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين ، أربيل – مطبعة حاج هاشم ، ٢٠٠٩ ، ص ٨٩-١٠٤ .

## الحضارة الكردية واتفاقية سايكس – بيكو

### ملخص البحث


هذا البحث يتناول الحدث التأريخي وأثرها على حضارة الكردية ، وهي ابرام اتفاقية السرية بين فرنسا وبريطانيا عام ١٩١٦ م أثناء حرب عالمية الأولى ومن ثم وقع عليها الدولة الروسية القيصرية ، وهي تتضمن على اقتسام أراضي بلاد الرافدين وبلاد الشام ، اي منطقة الهلال الخصيب ، لتحديد مناطق نفوذهما في غرب قارة آسيا بعد تهاوى الأمبراطورية العثمانية ، المسيطر على هذه المنطقة . بموجب مفاوضات سرية بين كل من ( فرانسوا جورج بيكو) الدبلوماسي الفرنسي و ( مارك سايكس ) البريطاني ، وتم تقسيم المنطقة وحصلت فرنسا سوريا ولبنان وولاية الموصل في العراق ، أما بريطانيا فأمتدت مناطق سيطرتها من طرف بلاد الشام الجنوبي بالآتجاه شرق تتضمن بغداد و البصرة و جميع مناطق الواقعة بين الخليج العربي والمنطقة الفرنسية في سوريا .
أما بنسبة الفلسطين تقع تحت ادارة دولية ويتم الأتفاق عليها بالتشاور بين فرنسا وبريطانيا و روسيا مع منح بعض الحقوق لكل من بريطانيا و فرنسا عند استخدام الموانئ حيفا وعكا و الأسكندرونة ، أما حصة روسيا القيصرية من هذه الأتفاقية تطالب بكل أرمينيا وكل كردستان ، ومن أجل الحصول على الموافقة النهائية لروسيا على أتفاقية سايكس – بيكو ، وافقت كل من بريطانيا العضمى وفرنسا على الجزء الأكبر من مطالب روسيا فيما يخص كردستان ، أما اندلاع ثورة اوكتوبر ١٩١٧ أدت الى تراجع الموقف الروسي من مطالبها الواردة في اتفاقية مذكورة ، وكذلك نشرت وكشفت مضمون الأتفاقية وكل الأتفاقيات الاخرى ، ومن بينها اتفاقية سرية بين بريطانيا و روسيا سنة ١٩٠٧ واتفاقية سايكس – بيكو سنة ١٩١٦ .

ان هذه الأحداث بلاشك تؤثر على الموطن الأكراد (كردستان) ، ويؤثر على الأمة الكردية وكذلك يؤثر على الحضارة الكردية وتعرض جميعها الى خطر الأنقسام والتفكك وبالنتيجة يضعف ويتغير البناء الثقافي والحضاري للأمة الكردية. وكذلك هذه الأحداث تؤثر سلبا على الكيان الكردي المستقل وتعرضه الى تلاشي بعض عناصر الحضارة الكردية تدريجيا ودمجها بالثقافات الدخيلة وكذلك يهيمن حضارة الدول المركزية الأكثرية على حضارة الأقلية الفرعية التي ضمت على تلك الدول وقفا للاتفاقية سايكس – بيكو ، وكذلك شكل هذه البلدان على حساب الأراضي الكردية والحضارة الكردية والشعب الكردي .

خلاصة القول تعد و تعتبر اتفاقية سايكس – بيكو خيرا و نفعا واجابا للبلدان ( تركيا و ايران وسوريا و عراق ) ، بينما تعتبر هذه الأتفاقية شرا و نفاقا و سلبا بالنسبة للشعب الكردي والثقافة الكردية وأراضي كردستان ، لأنها مزق و قسم و هدم كيان الكردي والأمة الكردية وكذلك الحضارة الكردية ماديا و معنويا ، وهي تعتبر رادعا دوليا واقفا ضد استقلال كردستان وبناء الدولة الكردية وكذلك رادعا قويا واقفا ضد جميع حركات التحررية الكردية من خلال هذه المئة السنة الماضية.

**Kurdish culture and the Sykes-Picot agreement**

The research shows historical agreement which was affected of Kurdish culture, this was a secret agreement between the governments of the United Kingdom and the French in 1916, with the assent of the Russian empire during the World war1. It was about dividing Iraq(Sham) and Middle East after succeed in defeating the Ottoman Empire, which was sing between British Mark Sykes and Francois Georges-Picot to dividing this areas. So Britain was allocated control areas (Mediterranean Sea and River Jordan, Jordan and southern Iraq) and France was allocated control areas (Turkey, Syria, northern Iraq and Lebanon) but Palestine into areas of future British and France control and influences with the right to use the ports of Haifa, Acre and Mediterranean. Furthermore, Russian was received Istanbul, the Turkish Straits, Armenia and Kurdistan from this agreement. But the October revolution in 1917 affected Russia to reject the agreement and publishedother secret agreements which were exit between Russian and Britain in 1907.

This agreements surly effect the Kurdish culture which causes to make the weakness and changein Kurdish culture and some has been lost because of the central government culture that controls Kurdish areas, this let to meltKurdish cultures because of culture superiority.

Briefly the Sykes-Picot agreement brings a lot of advantages to neighbourgovernments which have got Kurdish areas. However, brings a lot of disadvantages to Kurdistan such as war, conflict and economiccrisis, more importantly causes to dividing Kurdish cultures, with barriers for having Kurdish state for a century.